ژماره (١٢)  تشرینی دووەمی ٢٠٠٧

گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی سەربەخۆیە مانگانە لە رانیە دەردەچێت

مانگانە لەسەر ماڵپەڕی www.dengekan.com بخوێنەوە

**خاوەنی ئیمتیاز :**

**ئەردەڵان یوسف محمد**

**(ئەردەڵان مام وسو دزەیی)**

**سەرنوسەر:**

**قادر ئەحمەد عومەر**

**(هەڵگورد)**

halgordpshdare@yahoo.com

٠٧٧٠١٤٥٤٣٣٠ئاسیا   ٠٧٣٠١١١٣٢١٨سانا

**بەڕێوەبەری نوسین:**

**غەفور نادر حەمەدەمین**

gafurranya@myway.com

٠٧٧٠٢١٣٤٧٢٢ئاسیا   ٠٧٣٠١٥٢٠٧١٤سانا

سەرپەرشتیاری هونەری

سدیق عەلی

٠٧٧٠١٥٧١٨٩٥

**نوسینگەی گۆڤار:**

رانیە بازاڕی کوردۆ نهۆمی دووەم

ئیمێڵی گۆڤار

znarmagazin@yahoo.com

**کۆمپانیای نیوەند**

چاپ و پەخشی دەکات

تیراژ: (٢٠٠٠)



سەرەتایەکی نوێ...

١٣



ئیستێتیك...

٣٠



نیگەرانیەکانی شەقامی کوردی......

١٤



چیرۆکی ئەو کچەی....

٤٦



هەڵپەڕکێ....

٥٢



زنار لە بەشی وەرزشی پەیمانگای...

٦٨



# تامان شاکر: زۆربەی پیاوی کورد هەمیشە دەیەوێت، ژنێکی گوێڕایەڵو دەستەمۆی هەبێت

دیمانە: بەهرە حەمەرەش

**(تامان شاکر) کە بە داکۆکیکارێکی توند لە مافەکانی ژنان ناسراوەو هەوڵی داوە لە نووسینەکانی بە راشکاوی بدوێت، لە دایکبووی شاری کۆیەیە، دەرچووی کۆلێژی ئاداب بەشی زمانی کوردییە، ماوەی چەند ساڵێك لە ئەوروپا ژیاوەو ئێستا گەڕاوەتەوە کوردستانو بەرپرسی نووسینگەی راگەیاندنی وەزیری رۆشنبیرییە.**

زنار: منداڵیت لە کۆیە بەسەر بردووە، ئێستا کۆیە لە یادەوەری تۆدا چۆنە، کۆییاتیو خۆییاتی دەکەی.

تامان: من لە کۆیە لە دایك بووم، هەرچەندە شارێکی بچوکە، بەڵام پڕاوپڕە لە جوانیو یادگاری شیرینو تاڵ، هەروەها من هەموو کوردستانم خۆش دەوێت، بەڵام کۆیە بە پلەی یەکەم دێت لە خۆشەویستی.

زنار: پاش ساڵانێکی زۆر ژیان لە ئەوروپا، چەند ساڵێکە گەڕاویتەوە کوردستان، پەشیمان نەبوویتەوە

تامان: پەشیمان نەبوومەتەوە، بەڵام قوربانیم بە بەشێك لە ئازادییەکانی خۆم داوە، کوردستان وڵاتی منەو خۆشم دەوێت، زۆر خۆشبەختم، کە بتوانم خزمەت بکەم، هەرچەندە رێگر لە بەردەممان زۆرە، چونکە لێرە ئەگەر حیزب یان پاڵپشتێکی ترت نەبێت، ئەو کارانەی دەتەوێت، ناتوانی ئەنجامی بدەی، من کەسێکی بە تەحەمولم کە لە شوێنێکیش زۆر بێزار بووم، بەبێ دەنگی بە جێی دەهێڵم.

زنار: تۆ ئەو کاتەی لە ئەوروپا بوویت لە نووسینەکانت جەریئتر بووی، بەتایبەتی لە قسەکردن لە هەندێ شتی حەرام بە لای کۆمەڵگاوە، بەڵام لێرە وەکو پێشتر نانووسیت، پێدەچێ سانسۆرێکت لەسەر خۆت دانابێ.

تامان: ئەوەی راستی بێت من سانسۆرم لەسەر خۆم دانەناوە، خەڵك سانسۆریان لەسەر داناوم، هەندێ جار كە شتێك دەنووسی رووبەڕووی كێشەت دەكەنەوە، پرسیارو وەڵام دروست دەكەن، ئیمێلی ناشیرینت بۆ دەنێرن. دوو بابەتم بڵاوكردەوە بە ناوی خوازراو یەكێكیان لە میدیاو یەك لە جەماوەر، لەبەر ئەوەی تا ئێستا لێرە ئەو جۆرە بابەتانە مەقبول نییە، من حسابی ئەوەم كرد نەوەك رۆژێك لە رۆژان یەكێك چەقۆیەكم لێبدات لەسەر جادە، من هاتوومەوە كار بكەم، نامەوێت وا زوو بمرم، هێشتا ئەو كارانەی دەمەوێت بیكەم زۆر ماون.

**زنار: تۆ بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزیری رۆشنبیری، لە وەزارەتی رۆشنبیری لەسەر راشكاوی تووشی كێشە نەهاتووی.**

تامان: لە راستیدا هەندێ جار لەسەر ئەو راشكاویەی من، یان هەندێ لە نووسینەكانم وەزیرەكەشم تووشی كێشە هاتووە، بەڵام دەبێ ئەوە بڵێم، كە مامۆستا (فەلەكەدین كاكەیی) وەكو خۆم سەیرم دەكات، رێز لە بیروبۆچونەكانم دەگرێ، دەزانێ من كەسێكی ئازادم، پەیوەست بە هیچ ئایدیۆلۆژیاو حیزبو لایەنێك نیم، دەكرێت مرۆڤ كێشەی بۆ دروست بێتو ناحەزی هەبێت، بە تایبەتی تۆ وەكو ژنێك كە بەرپرسی راگەیاندنی نووسینگەی وەزیری، خەڵكی ئێمە حەسوودن هەرچەندە من لێرە دانیشتووم، كارم بۆ خۆم نەكردووەو كار بۆ خەڵك دەكەم، كێشەم لەگەڵ ئەوە نییە، چونكە من هاتوومەوە لێرە وەكو ژنێك خاوەن كەسایەتی خۆمم قسە دەكەمو رای خۆم هەیە، دەبێت چاوەڕێی ئەوەش بم، كە كۆمەڵێك خەڵك رقیان لێم دەبێتەوە.

**زنار: واتە هەوڵی خۆگونجاندنت نەداوە.**

تامان: من ناتوانم لەگەڵیان بگونجێم، چونكە ئێمە دوو جیهانی زۆر جیاوازین، من حەز بە موئامەرە لە دژی خەڵك یان باسی ئەمو ئەو ناكەم، هەوڵ بدەم چۆن بەرامبەرەكەم لە ناوبەرم، لەسەر بناغەی رێزو حورمەت لەگەڵ خەڵكدا هەڵسوكەوت دەكەم، ناشمەوێت ببمە ماستاوچی كەس، چونكە من چاوم لەوە نییە رۆژێك ببمە خاوەنی پۆستێكی بەرز، یان حكومەت خانوو سەیارەم بداتێ، بە پێچەوانەوە من دەمەوێت كەسایەتی خۆم بپارێزم، زۆر جاریش ئەوانەی رقیان لێم بۆتەوە، بەرێزگرتنو هەڵوێستە باشەكانی خۆم شەرمەزارم كردوون.

**زنار: ئیستغلالكردنی ئافرەت لە زۆربەی دامودەزگاكان چۆن هەڵدەسەنگێنی.**

تامان: بەداخەوە ئەمە كارێكی زۆر خراپە، لەناو هەموو دەزگاكانیش هەیە، كارێكی دوولایەنە نییە، هۆكاریشی زۆرە، من ناڵێم خەتای ژن یان پیاوە، چونكە لە كۆمەڵگای ئێمە نێرو مێ هەردوولا كەبتی سێكسیان هەیە، زۆر جاریش ژنەكان هەڵدەخەڵەتێنرێن لە پێناوی پارچە زەوییەك، یان پلەیەكی وەزیفی بەرزتر، یان پارەیەك كە زۆر جار لە دائیرەكان بۆیان خەرج دەكەن، ژنەكان تووشی داڕمان دەبن، من نموونەیەكت پێدەڵێم، لە یەكێك لە وەزارەتەكانی كوردستان ژنێك منداڵەكەی نەخۆش دەكەوێت، داوای سێ سەد هەزار دینار دەكات، بەڵام بەداخەوە ئەو سێ سەد هەزار دینارەی لە بری جەستەی پێدەدەن، بەڕاستی تاوانە مرۆڤ پێداویستییەكی هەیە لە جیاتی ئەوەی وەكو كارێكی مرۆڤانە هاوكاری بكەی، بەو هۆیەوە ئیستغلالی بكەی، بەڵام من پێموایە ئەگەر بێتو موچە كەمێك باش بێتو رەوشی كارمەندو كرێكار لە كوردستان باش بێت، هیچ ژنێك نایەوێت جەستەی خۆی هەراج بكات لە پێناوی پێداویستییەكانی.

**زنار: دەڵێن لە كوردستان پیاوی فیمینیست لە ئافرەتی فیمینیست زۆرترن، تۆ ئەوە چۆن هەڵدەسەنگێنی.**

تامان: لە كوردستان لە وشەی فیمینیست نەگەیشتووین، زۆر بە چاوی ترسەوە سەیری ئەم وشەیە دەكەین، خۆی لە راستیدا وشەی فیمینیست ئەوەیە، كە تۆ هەست بە چەوساندنەوە دەكەیتو دەتەوێ ئازاد بیت. من پێموایە نەك پیاوی فیمینیست، پیاوی ژندۆستیشمان كەمە، ئەوە بەڕاست نازانم، ئەوەندە لەم وڵاتە دەژیم، رۆژانە لەوانەیە پەنجا تا سەد كەس سەردانی شوێنی كاركردنی من بكەن، كە هەموویان نووسەرو رۆشنبیرو هونەرمەندن، هیچ پیاوی فێمینیستم نەبینیوە، عەقڵی كۆمەڵگای ئێمە نەگەیشتۆتە ئەوەی كە بەرامبەرەكەی وەكو خۆی سەیر بكات، بە دەلیلی ئەوەی بۆخۆمی بە رەوا دەبینم، بۆ بەرامبەرەكەمی بە رەوا نابینم، ئەو قسەیە بە شێوەیەكی گشتی دەكەم، دەكرێت خەڵكانێكی شازو دەگمەنیش هەبن، بەڵام



**جارێک لە ناو شار زۆر میزم دەهات، شوێنێک نەبوو بچم، بۆیە پێشنیارم کرد ئاودەستی ژنان دروست بکرێت**

زۆربەی پیاوی کورد هەمیشە دەیەوێت، ژنێکی گوێڕایەڵو دەستەمۆی هەبێت، هەرچییەکی پێ وت قبوڵی بکات. ئینجا نازانم ئەو پیاوە فێمنیستانە لە کوێن؟ با خۆیان بە ئێمە بناسێنن.

زنار: تۆ خاوەنی بیرۆکەی ئاودەستی ژنان بووی، نووسینێکت بە ناوی (ژنانیش میز دەکەن) بڵاوکردەوە، ئێستا ئەگەر بەدواداچوونت هەبێ، ژنان میزی تێدا دەکەن.

تامان: من شانازی بەو کارە دەکەم، توانیم پرۆژەیەکی ئاوا جێبەجێ بکەم، ئێستا لە هەوڵی ئەوە دام، کە ئەو شوێنانە زیاتربێت لەناو شارەکانو بەپێی شارەکان، بەداخەوە لە کۆمەڵگای ئێمە خەڵك دزیو باسی ئەمو ئەو دەکەن، خەڵك دەکوژن، ڕێز لە خەڵکیو بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا ناگرن، شار پیس دەکەن، پێیان عەیب نییە، بەڵام وروژاندنی باسێکی وا بە عەیب دەزانن، کە من ئەو ئاودەستانەم دروست کرد، زۆر کەس گاڵتەیان پێدەهات، ڕۆژێك ستالین بە شاری مۆسکۆ دا دەڕوات، هیچ ئاودەستێکی نە ژنانو نە پیاوان لەناو شاری مۆسکۆ نابینێ، بڕیار دەدات هەزار ئاودەست لەناو شاری مۆسکۆ دروست بکات، ئەوە بیرکردنەوەی سەرکردەیەکی گەورە بووە، کە خزمەتی روسیای کردووە، بەڵام چاویشی شتە بچووکەکانیشی بینیوە، بەداخەوە سەرکردەکانی ئێمە تەنیا لە خەمی دروستکردنی ڤێلای گەورە دان بۆ خۆیان دروستی بکەن، شارێکی یەك ملیۆن کەسی، کە هەولێرە ڕەنگە نیوەی زیاتری ژن بێت، دوو ئاودەستی ژنانی تێدا نەبێت، کێشەیە. خۆشم زۆر جار بەدواداچوونی ئەو ئیشە دەکەمو دەچم، ئێستا دوو ژن بە کارمەندی ئەوێ دامەزراون، یەکێکیان شەش منداڵی هەیە، مێردەکەشی نەخۆشی دڵی هەیە، بۆ ئەو ژنە کارێکی باشە، خەڵك دەچێتو ڕاستە شوێنەکەی ناو بازاڕە، بەڵام دەکرێت لە داهاتوو لە شوێنی باشتر ئاودەست دروست بکرێت.

زنار: پێشتر خۆت تووشی حاڵەتێکی وەها هاتبووی.

تامان: بەڵێ من جارێك لە ناو شار زۆر میزم دەهات، شوێنێك نەبوو بچم، بۆیە بیرم لەوە کردەوە، پێویستە شوێنێك هەبێت لە دەرەوە ژن بتوانێت میزی لێ بکات.

زنار: لێرە پیاوی کورد یان ئەوانەی لەگەڵت کار دەکەن، دەبێ مامەڵەیان لەگەڵ بکەی تا چەندو چۆن توانیویانە بە دروستی لە ڕاشکاویو ڕاستگۆیی تۆ تێبگەن.

تامان: سەرەتا بۆیان زەحمەت بوو، من وەکو خۆم قبوڵ بکەن، هەستم دەکرد جۆرێك سەیر دەکەن لە جلەکانم یان جگەرەکێشانم، لەناو دائیرە هەوڵیان دەدا دەستەمۆم بکەن، بەڵام کە نەیانتوانی، پێموایە وازیان هێناوە، منیش لە ژیان سیستەمێکی تایبەتی خۆم هەیە، ئەوانەی لە شوێنی کار کاریان لەگەڵ دەکەم هەر لە وەختی کار دەیانبینم، لە دەرەوە هیچیان برادەری من نین، واتە بەڕاستی نەمتوانیوە لەگەڵیان هیچ پەیوەندییەکی دۆستایەتیو هاوڕێیەتیم هەبێت، چونکە دوو دنیای زۆر جیاوازین، من ناتوانم بەو عەقڵەی ئەوانەوە بژیم، ئەوانیش ناتوانن بە عەقڵی منەوە بژین، ناشمەوێت لەبەر خاتری کەس خۆم بگۆڕم، دوای منیش هەرچی دەڵێت کێشەی من نییە، چونکە من هیچ بە ئەوان ناڵێم، ئیتر ئەوان چی دەڵێن دەبێ بۆخۆیان لەگەڵ خۆیانی ساغ بکەنەوە، کاریگەریشی لەسەر من نییە.

> **بە هۆی ڕاشکاویم هەندێ جار وەزیرەکەشم تووشی کێشە هاتووە**

زنار: پێت وایە پیاوی ژندۆست نییە، تۆ لە دەرەوەی کار هاوڕێی پیاوت نییە.

تامان: بەڵێ هەمە زۆر ڕێز لە برادەرایەتیان دەگرم، بەڵام بڕوا بکە ئەگەر ئەو پەیوەندییە بچێتە خانەی خۆشەویستی یان هاوسەری ئەو پیاوە ژندۆست نامێنێ، دەبێتە موڵکایەتی، واتە ئەو دەبێتە پیاوێکی خاوەن موڵكو ئازادییەکان سنووردار دەکرێت، بۆیە لەگەڵ ئەوانیش تەنیا هاوڕێم.

زنار: ماوەیەك زیندانی سیاسی بوویت، چ شتێکی ئەو زیندانە کاریگەری لەسەر کەسایەتی تۆ هەیە.

تامان: نازانم ئەوەت چۆن بۆ باس بکەم، زیندانی بەعسی زۆر سەخت بوو، لە ئەوروپا چەند برادەرم هەبوو، کە لە تورکیاو ئێرانو عێراق زیندانی کرابوون، زیندانەکانی بەعس بە خراپترینو سەختترین شوێن باس دەکران. ئەوەی کە زۆر کاریگەری لەسەرم هەیە ڕۆژێك بۆ جگەرە لە دەرگام دا، پیاوێکی عەرەب هاتە ژوورەوە، تفێکی کردە ناوچاومو نەشیدەهێشت بیسڕمەوە، هەر جارێك ئەوەم بیردێتەوە ڕامەچڵەکێنێو ناڕەحەتم دەکات.

زنار: لە دادگایی کردنی سەدام ئامادەبووی، لەو کاتەی سەدامت بینی، هەستت بە چی کرد؟ چ شتێکت لە مێشك بوو، حەزت دەکرد پێی بڵێی.

تامان: دەمویست جامەکە بشکێنم، بچم هێندەی لێبدەم، ڕقو کینەی هەزاران کەسی پێبڕێژم، بەڵام بەداخەوە نەمتوانی، کەمێکیش باری دەروونیم خراپ بوو.

زنار: ئەم رقەت هی چی بوو؟ گیرانی خۆت، یان ئەوەی باوکت شەهیدە.

تامان: بێگومان ئەو کارەساتەی کە بەسەر خۆمو خێزانەکەم هاتووە، کاریگەری هەبووە، بەڵام ئەو رقەم هی هەزاران خێزانی تریش بووە، سەدامیش دوژمنی میللەتێك بوو.



# ڕیفۆرم لەدەسەڵات سۆڤیەت وەك نموونە

عوسمان سەنگەسەری

نوێ بونەوەو ڕیفۆرم کاریکی هەمیشەیی‌و بنچینەی هەمووڕێکخراو پارتێکە بۆ کارکردن‌و بەخۆداچونەوەو بیناکردنەوەی سەرلەنوێی هەڵەکان، لەکاتی چەق بەستن‌و گەیشتنە لوتکەی تاکڕەوی‌و خۆسەپاندن ئەگەر بێتو فریای نەکەوی دەسەلات بەرەو گلۆربوونەوە دەچێ‌و هەمووشتێك لەپێناوی سەرکەوتنی دەسەلاتدا بالۆرەی بۆلێ دەدرێ، بۆیە دەبێ ووریابین لەم نەخۆشیە ترسناکە کەڕووبەڕوی گەل‌و دەسەلات دەبێتەوەو بۆڕزگار بوون لەم قەیرانە تەنها ڕیفۆرم لەبەردەممانە...ئەگەر بەنمونەش سۆڤیەت وەرگرین دەبینین خەباتێکی نەپساوەیان لەپێناوی ڕوخاندنی قەیسەر کرد سەرەنجام شۆڕشی ئۆکتوبەری مەزن لە(١٩١٧) سەرکەوت‌و دەسەلاتی گرتە دەست‌و کاری بۆچاکردنی تێکڕای بوارەکانی ژیان کردو دوایش مشەخۆری‌و گەندەڵی‌و دکتاتۆری لەناو دەسەلاتدا بوە ئەمری واقیع‌و بۆڕووبەڕووبونەوەو چارەسەر گەڕان بەدوای بەدیلیکی وەکو ڕیفۆرم بەشێوەی (گلاسنۆست‌و پرۆسترۆریکا) کەتوانرا ببێتە دەرمانی هەموودەردەکان‌و گەل‌و دەسەلات ڕزگار بکەن لەهەڵدیران، ئەگەر بەکورتی چاوبگێڕین بەمێژووی گەلی سۆڤیەت لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەبینین هەلسان‌و گلانی زۆری بەخۆیەوە بینیوە وەکو سەردەمەکانی (لینین١٩١٧-١٩٢٤،ستالین ١٩٢٤ – ١٩٥٣،خرشۆف ١٩٥٤-١٩٦٤،بەرجنیف ١٩٦٤-١٩٨٢ ،ئەندرۆبوف ١٩٨٢-١٩٨٤،چرینکۆ ١٩٨٤-١٩٨٥ ،گۆرباتشۆف‌و ،...هتد )دیارە لەسەردەمی لینین دا (بەلشەویکەکان ) خاوەنی دسپلین‌و سانترالیزمێکی دیموکراسی‌و دادپەروەری بون، سەرەڕای ناسکی بارو زروفیان‌و شەڕی جیهانی‌و بلۆکی سۆسیالیستی‌و ئیمپڕیالیستی لەپێشبڕکێی چەکی ئەتۆم دابوون‌و لەناوخۆشدا ڕووبەڕووی شەڕی ناوخۆببون لەگەڵ (مەلشەویکەکان) سەرەڕای خراپی ئالۆزی ولات، دەیان کێشەی دیکە لینین توانی سەرکەوێ‌و گوێش لەهەموو چین‌و توێژەکان بگرێ‌و دوور لەدکتاتۆری‌و خزمایەتی‌و گەندەڵی‌و کارەکانی ڕادەپەڕاند، بەلام بەداخەوە لەسەردەمی ستالین دا لەماوەی ٣٠ ساڵ دەسەلاتیدا حیزبی کردە دکتاتۆر لەپێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆی‌و بنەماڵەکەیداو کەسێکی زۆر وشك‌و دۆگمابوو لەکارو بیروباوەڕیداو تەنانەت حیسابی بۆ هەیئەتی سەرکردایەتی‌و وەزیرەکانیش نەدەکردو خۆی بڕیاری ئاشتی‌و شەڕی دەداو تەنانەت لەسیڕەی پۆستاڵەکەشی دەترسان‌و بەرپرسان تەنها دیکۆربوون‌و کەسێکی بێ بەزەیی‌و توندڕەو بوو بڕوای بەگفتوگۆو ڕەخنەنەبوو زەبروزەنگی کردبوە حاکم‌و زۆرخۆویست‌و دیکتاتۆر بوو هەموو دەسەلاتەکان لەژێرفەرمانی ئەودا دەڕۆیشتن بەڕێوەو درزکەوتە نێوان خەڵك‌و دەسەلات‌و دەستی کرد بەلادان‌و دژایەتی کردن‌و زیندانی ئەوانەی کەڕەخنەیان لەهەڵویستەکانیان دەگرت وەکو (بوخارین، زینۆن، کامینف، ترۆتسکی )...هتد هەرچەندە ئەمانە پلەیان لەئاستی سەرکردایەتی دابوەو هەڵگرسێنەرو بەشداری ئۆکتۆبەری مەزن بوون‌و دامەزرێنەری سوپای سووری سۆڤیەتی‌و بەدەیان کادیرو ئەندامی لەزیندانەکان قایم کردو بیری لەگەشەکردنی باری ئابوری ولات نەدەکردەوەو تەنها ناوبانگی دەسەلاتی خۆی بەلاوە گرنگ بوو لەم لاشەوە دەزگای پۆلیسی نهێنی دامەزراندو خۆی سەرپەرشتی دەکرد بۆئەوەی خەڵکی نەتوانێ بەئازادانە قسەبکاو سانسۆری داناو ستەمێکی بەزۆرەملێ پەیڕەو دەکردو سەرەتای گەندەڵی‌و دکتاتۆریەتی لەکاروکردەوەیدا پەیڕەو کردو هێڵی سووری بۆ هەمووشتێك دانابوو، هەرچەندە دوای مردنی خۆی (خرۆشۆف )هات‌و سەرکردایەتیەکی بەکۆمەڵی پەیڕەو کرد پێچەوانەی ستالین‌و بگەڕێتەوە سەربیروڕاکانی لینین، بەلام بەداخەوە بەهۆی کەڵەکەبون‌و خراپ بەکارهێنان، شێواندنی متمانەی خەڵك‌و دەسەلات لەلایەن ستالینەوە، خرۆشۆف نەیتوانی سەرکەوێ لەکارەکانیدا، ئەوانی دوای خۆشیان بەهەمان شێوە دەیانویست ئازادی‌و دیموکراسی بۆ خەڵك بگێڕنەوە، بەلام لەهەمان کاتدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کەندو کۆسپ دەبوونەوەو خەڵکی روسیاش لەنەداری‌و نەبونی ئازادی‌و نەژادی‌و مەزهەبی‌و قەیرانی گەورەی ئابوریدا دەژیان کەهەموو هۆیەکانی ڕاگەیاندن‌و خزمەت کردن لەپێناوی سەرکەوتنی دەسەلات دابوو ریگەش نەدرا خەڵکی ئازادانە بدوێ‌و ڕەخنە بگرێ. تاسەرەنجام گۆرباتشۆف زۆر بوێرانە ئەم پیرۆزییەو گەندەڵیەی ئاشکراکردوو سەرکردەکانی پێش خۆی بەمشەخۆرو دۆگما وەسف کردو کەم‌و کوڕییەکانی بەخەڵك ڕاگەیاند، دەرگای ئازادی‌و دیموکراسی لەخەڵك کردەوەو کۆمپانیاو دزییەکانی سەرکردەکانی ولاتی ئاشکراکردو هەمووشی گێڕایەوە بۆحوکمی تاك دەسەلاتی سەردەمی ستالین کەئەو یەکەمین بەرپرسە لەداهێنانی دکتاتۆری‌و گەندەڵی‌و سەرکوتکردن‌و پیاهەڵدان‌و تەفرەدانی خەڵك‌و سەرکردەکانی دوای ئەویش بەهەمان ڕێچکە وەسف کردو دەرمانی دەردەکەشی دیتەوەو چارەسەریشی بۆدانا بۆنوێکردنەوەو بیناکردنەوە، هەرچەندە لەسەرەتا ولات شڵەژا کاتێ گوێ بیستی ئەم ڕاستیانە بوون کەسەرکردەکانیان هەمووشتێك یان لەپێناوی خزمەتی دەسەلاتی خۆیاندا کردوەو یارییان بەچارەنوسی خەڵکی زەحمەتکێش کردوە بۆیە لافاوی جەماوەر هاتە سەرشەقام‌و نەفرەتیان لەدەسەلاتی پێش خۆیان‌و بیروباوەڕیان دەکردو بەداخەوە پەیکەری لینین یان ڕووخاند کەباوکی چەوساوەکان بوو ئەمەش لەئەنجامی بازرگانی کردنی سەرکردە دزو گەندەڵەکان بوو کەخۆیان لەبەرگی شۆڕشگێڕیدا حەشاردابوو خەڵکیش شتە پیرۆزەکانیشیان لا ناشیرین‌و خیانەت بوو بۆیە تەڕوو وشکیان بەیەکەوەسوتان لێرەدا پێویستە دەسەلاتی کوردیش بەخۆیدا بچێتەوەو سەروەرییەکانی ڕابردوو دادی نادا گەر پیلانی داهاتویان لەخزمەتی خەڵکدا نەبێ نابێ بەخۆشیان بنازن لەڕووی دارایی‌و دەسەلاتەوە کەدەتوانن پێش بەگۆڕانەکان بگرن‌و هەتا زووە کاربۆ مەدەنیەت‌و ڕیفۆرم‌و خۆشگوزەرانی بکەن بۆخەڵك نەك بۆبەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆیان هەنگاو بنێن بەشێوەی دۆگماو دکتاتۆرانەو بازرگانی کردن بەخەڵك‌و پەند لەگەلان وەربگرن. ..



# پەیڕەوانی مەهدی
# پەیوەندیمان لەگەڵ ئیمام هەیەو ئەوەش حەقیقەتێکە کە کەس نایزانێت

**تایبەت بەزنار**

**فۆتۆ: حەسەن مینە**

سەید مستەفا کەلەناو پەیڕەوانی ڕێبازەکەیدا بە ئیمام مەهدی ناسراوە، لەساڵی(١٩٨٨) بانگەشەی بوونی بەمەهدی (مەهدییەتی)راگەیاند، ناوبراو لەگەڵ چەند کەسێك لەیاوەرانی ١٥ساڵ لەمەوپێش تیرۆرکران. لەوساوە تا ئەمڕۆش پەیڕەوانی پێیان وایە زیندووەو چەند کەسێکی دیاریکراویان بۆ وەرگرتنی راوبۆچوون و ئامۆژگاریەکانی دەیبینن. بۆ لە نزیکەوە ئاشنابوونی زیاتر وەکو گۆڤاری زنار بەپێویستمان زانی بەمەبەستی دەرخستنی چەند راستیەك لەبارەی ئەو گروپەوە لەنزیکەوە پەیڕەوانی (ئیمام مەهدی) بدوێنین و لەزمانی خۆیانەوە گوێبیستی چەند راستیەك بین، هەر چەندە دوای چەند جار دانیشتن لەگەڵ یەکێك لە پەیڕەوانی ئەوەیان قبوولکرد چەند پرسیارێکیان بەنوسین ئاراستە بکەین و لەئایندەدا وەڵامەکان وەربگرینەوە، دوای ئەوەی کۆمەڵێك پرسیاری جۆراوجۆرمان بۆ ناردن ئەوانیش پاش دوو هەفتە زیاتر وەڵامی هەندێك لە پرسیارەکانیان دایەوەو هەندێ پرسیاریشیان بێ وەڵام هێشتەوە.

سەرەتا سەبارەت بەژیانی سەید مستەفا (ئیمامی مەهدی)یەکێك لە پەیڕەوانی (هیچ کامێکیان ئامادەنەبوون ناوی خۆیان بڵاوبکەنەوە)گووتی﴿ئیمام مەهدی(ع) ناوی سەید مستەفا کوڕی سید علی کوڕی شێخ مستەفای مەمەنداوایە، لەسالی ١٩٥٥ز لەگوندی کۆمەڵەی سەر بەناحیەی سەنگەسەر چاوی بەدنیا هەڵهێناوە، دیارە ئیمام مەهدی(ع)هەر لەمنداڵیەوە بە پەروەردەیەکی دینی تۆکمە گۆشکراوەو پەروەردەکراوە لەبەر ئەوەی ئەو لەبنەماڵەیەکی شێخ و شێخ زادەیی هاتۆتە وجود، لەبواری سیاسی ئیمام مەهدی(ع) هەر لەمنداڵیەوە بیری بۆ ئازادی و ڕەهایی سەرجەم مرۆڤەکان بەهەموو چین و توێژەکانیانەوە چووە، بۆیە هەمیشە دژی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس دەوەستاو لەهەموو کۆڕوکۆبونەوەیەك کەبەشداری کردبێت زۆر بەڕاشکاوانە ستەم و زۆرداریەکانی بەعسی گۆڕبەگۆڕی باس دەکردو خەڵکی هوشیار دەکردەوە لەتێوە گلان لەو ڕژێمە خوێن ڕێژو دڕندەیە، بۆیە وەك سەرجەم خەڵکی ناوچەکە شاهیدن کە هەمیشە ڕژێم لەڕێی سیخوڕەکانیەوە دەکەوتە ڕاوەدونان و گرتنی، بەڵام لەبەر ئەوەی ویستی خودای لەسەر نەبوو نەیان توانی هیچی دەربارە بکەن، وەلەبواری کۆمەلایەتیش ئیمام (ع) مرۆڤێك بوو هەموو چین و توێژەکانی ناوچەکە بەئەوانەشی کەباوەڕیان بەبانگەوازیەکەی نیە شاهیدی ئەوە دەدەن کەلەبەرزترین پلەی ڕەوشتی کۆمەلایەتی دابوو. دەبارەی بانگەوازی مەهدییەتی لەچ ساڵێك و لەکوێوە دەستی پێ کرد هەمان پەیڕەوی مەهدی گووتی﴿ ئیمام مەهدی(ع) لەساڵی ١٩٨٨ز لەگوندی (گەڵۆ ) کە هاوڕێکە لەگەڵ فەرمودەکەی پێغەمبەر(ص) کە دەفەرموێت:﴿یخرج المهدی من قریه یقال لها کرعه﴾ لوائح الانوار البهیّه/للسفارین الحنبلی. واتە مەهدی(ع) لەگوندێك دەردەکەوێت کەپێی دەگووترێت کەڕوعە. ئەوە بوو ئەم فەرموودەیە هاتەدی و ئیمام (ع) لە١٥ی شەعبانی ١٩٨٨ز لەبناری گەڵۆ لە ووتاری هەینی بانگەوازەکەی ڕاگەیاند بەفەرمانی ئیلاهی. سەبارەت بەووشەی (کرعە) واتە گەڵۆ : أ-کەڕوعە بەشوێنێك دەگووترێت کە کەوتبێتە نێوان دووگرد، یان شوێنێکی تەنگەبەر بێت . ب- کەڕوعە بەشوێنێك دەگووترێت کە خەڵکانی ئەوشوێنە بەمەڕوبزن بەخێوکردن خەریك بن و کارو کەسابەتیان لەسەر مەڕوبزن بەخێو کردن بێت. ج- کەڕوعە بەشوێنێك دەگووترێت کە ئاوی نەبێت و بێ ئاوبێت. د- کەڕوعە بەشوێنێك دەگووترێت کە خەڵکانی ئەو شوێنە دەستەپیاو بن، واتە زیاتر لەبالادا بچووك بن. بۆزانیاری زیاتر دەتوانن سوود لەفەرهەنگی (المنجد فی اللغه والاعلام) کە نوسەرەکەی (لویس المعلوف)ە وەر بگرن.

سەبارەت بە پرسیارمان لەناوەرۆکی بانگەوازەکەی کە ناوبراو بانگەشەی بۆ دەکرد یەکێکی دیکە لەپەیڕەوانی گووتی ﴿ پەیامی محببەت و خۆشەویستی بوو کەپەیامێکە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی چاوەڕێی ئەو پەیامە کراوە لەسەر زمانی تەواوی پێغەمبەران(دروودی خوایان لەسەر بێت) ڕاگەیەنراوە، بانگەوازی ئیمام مەهدی (ع) پێی وەبەر پێی شکاوی خەبات نایەوە بۆ دواجار ووزە بەخشی ڕووناکی خودایی بوو لەدلانی شەیدای ڕێنومادا، ئەو بانگەوازە لەسەر سێ بنەما بەندە: ١- زانست.٢-ڕەووشت.٣-ژیریی و زۆر لەوە دڵنیاین کەسەر دەکەوێت و ئەنجامی گێڕانەوەی هەموو بەها لەدەستچووەکانی مرۆڤە بۆی و بانگەوازی خوداش بێ نیازە لەهەموو شتێك، مرۆڤی ژیرو دنیا دیدەش لەسەرخۆیەو پەلە ناکات لەبڕیاردانداتاوەکو هەڵە نەکات .



سەید مستەفا لەناو پەیڕەوانی بە مەهدی ناسراوە

دەربارەی ئەوانەی کە بەدەنگیەوە هاتن و شوێنی کەوتن گووتی﴿هەر ئەو خەڵکانەی کەبەدەوری بانگەوازەکەن و نزیکترینیان ئەوانە بوون کەلەگەڵی شەهید بوون، بەلام پێویستە بووترێت ڕێژەی پەیڕەوان دوای شەهیدبوونی خۆی(ع)

یەكجار لەزیادبووندایەو ئێستاش بەردەوامەو ڕۆژانەش پەیڕەوان ڕوو لەزیادبوون دەكەن لەتەواوی جیهاندا بەهۆی ئەو پەیڕەوانەی كەلەووڵاتان هەن وەبەسوود وەرگرتن لەهەردوو سایتی ئینتەرنێتی كە هەمانەو تایبەتن بە بانگەوازەكە. لەبارەی هەڵوێستی ڕژێم لەهەمبەر سەید مستەفاو بانگەوازەكەی گوتی﴿ هەروەك ئاماژەمان پێ كرد ئیمام (ع) هەمیشە دژی ئەورژێمە بوو زیاتر ڕەنگدانەوەی ئەو دژایەتی كردنە لەكاتی ڕاگەیاندنی بانگەوازیەكەیدا بوو، بۆیە هەمیشە ڕژێم دەیویست بیگرێتو حوكمی لەناوچوونی بدات بۆیە چەندین جار بەهێرشی بەربلاّوو بەشێوەی جۆراوجۆر هەڵی كوتاوەتە سەر ماڵەكەی دەیویست بیسوتێنێت بەلاّم ماڵەكەی بەویستی خودا نەسووتاو بەهیچ شێوەیەك ئاگری نەگرتو ئەوەش بوە هۆی موعجیزەیەك بۆتەواوی خەڵكەكەو ئەو فەرماندەو سەربازانەی كەهاتبوون بۆسوتاندنی ماڵەكەی، خەڵكی گوندەكانی بناری گەڵو شاهیدی ئەو ڕاستیەنو فەرماندەو سەربازەكان زۆر سەرسام بوون لەوكارە.دەربارەی ئەوەی بەچ بەڵگەیەك دەیسەلمێنن كە مەهدی بوو ئایا هیچ ئایەتو فەرموودەیەك لەوبارەیەوە هەیە دەڵێت﴾ بۆسەلماندنی ئەوەی كە سەید مستەفا ئیمام مەهدیە(ع) دەمانەوێت ئەو ڕوونكردنەوە بدەین: شێخو زانای بەرزی ئیسلام محی الدین كوڕی عەرەبی لەتەفسیرەكەیدا لە لێكدانەوەی ئەم ئایەتەدا كەدەفەرمووێت:﴿ الم، ذلك الكتاب لاریب فیە هدىً للمتقین ﴾ أوّل البقرە، واتە: ئەلیف،لام،میم، هۆو كتێبە هیچ گومانێكی تێدانیە، هیدایەتە بۆ تەقواكاران. دەڵێت: ئەلیف،لام،میم، هۆو كتێبە بەڵێن پێدراوە، واتە هۆو كتێبە وەعدە پێدراوە، كە لەگەڵ مەهدی دا دەبێت لە ئاخیری زەماندا، هیچ كەسێك بەڕاستەقینە نایخوێنێتەوە تەنها بۆخۆی نەبێت. تفسیر ابن العربی بەرگی یەكەم. ئەگەر ئێمە بەوردی سەیری ئایەتەكە بكەین كە سەرەتای سورەتی بەقەڕەیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە كە باس لە كتێبە تەئویلەكەی ئیمام مەهدی(ع) دەكات وەك چۆن شێخ محی الدین ڕوونی كردۆتەوە، بەم بەڵگانەی خوارەوەش : ووشەی (ذلك) هاتووە نەك (هذا)، هەموو خوێندەوارێكیش كەتا پلەی ناوەندیشی خوێندبێت بێگومان جیاوازی نێوان (ذلك) و (هذا) دەزانێت چۆنە لەمانادا ،(ذلك) ئیسم ئیشارەیە بۆ دوور كە مەبەست لە دوورە هەروەك قورئان ئاماژە بۆ دوور دەكات، هەمان ووشەی بەكارهێناوە دەفەرموێت دەربارەی ڕۆژی زیندووبوونەوە : ﴿یوم یسمعون الصیحە بالحقّ ذلك یوم الخروج ﴾ ق/٤٢ واتە: ﴿ ڕۆژێك گوێتان لە هاوارێك دەبێت بە هەق هۆوە ڕۆژی دەرچونەكەیە﴾ .لێرەدا دەردەكەوێت كە ووشەی (ذلك) مەبەست لەدوورە نەك نزیك، كە ئێستاش ڕۆژی (خروج) دەرچون نەهاتووە، بۆیە دەتوانین بەڕوونی ئەوە بسەلمێنین كە هەروەك شێخ محی الدین دەفەرموێت (ذلك) مەبەست لە قورئان نیە، ئەگەر مەبەستی قورئانی مەزن بوایە ئەوا ئەو ئایەتانە كە مەبەستیان لە قورئانە ئاوا دەفەرموون كە (هذا) یان بۆ بەكارهاتووە كە (ئەوە) دەگەیەنێت، سەیری ئەو ئایەتانە بكە :أ- ﴿ لو أنزلنا هذا القران على جبل.......﴾ واتە:﴿ ئەگەر بهاتبا ئەم قورئانەمان بەسەر شاخێكدا دابەزاندبایە ...... ﴾ .ب - ﴿ بما أوحینا الیك هذا القران﴾ واتە : ﴿ بەوەی كە وەحیمان بۆتۆ كرد بەم قورئانە ﴾. ج- ﴿ ولقد صرّفنا في هذا القرآن للناس من كلّ مثل﴾ واتە: ﴿ بەڕاستی شیمان كردۆتەوە لەم قورئانەدا بۆ خەڵك لە هەموو نمونەیەك﴾. هەموو ئەوانەو ئەوانەی كە مەبەستیان لە خودی قورئانەكەیە (هذا)یان بۆ بەكارهاتوە نەك (ذلك) .وەئەگەر بەوردی سەیری سەرەتای سورەتی بەقەڕە بكەین ئەوەمان بۆڕوون دەبێتەوەكە ﴿ ذلك الكتاب لاریب فیە هدىً للمتقین ﴾ واتە: هۆو كتێبە(نەك ئەو كتێبە) هیدایەتە بۆ تەقواكاران دیارە شتێكی بەڵگە نەویستە كە قورئانی مەزن تەنها بۆ تەقواكاران نیە، بەڵكو قورئان بۆتەواوی خەڵكە هەروەك خودای شكۆدار سەبارەت بە قورئان ئاوا دەفەرموێت : ﴿ ولقد صرّفنا في هذا القرآن للناس من كلّ مثل ﴾ بەراستی شیمان كردۆتەوە لەم قورئانەدا بۆ خەڵك لەهەموو نمونەیەك. هەر لەسورەتی بەقەڕەدا ئەگەر بەوردی مانای ئایەتەكانی شی بكەینەوە دەبینین دەفەرمووێت : ﴿ الذین یؤمنون بالغیب ویقیمون الصلاة وممّا رزقناهم ینفقون﴾ البقرە/ ٣ ، واتە : ئەوانەی باوەڕیان بە غەیب هەیەو وەپێ هەستاون بەنوێژو بەوەی پێمان بەخشیون دەیبەخشن . لە تەفسیری ﴿ الذین یؤمنون بالغیب﴾دا شێخ هاشمی بەحرانی دەفەرموێت: ئەوانە ئەنسارانی ئیمام مەهدین(ع) كەچاوەڕوانی وونبوەكەیان دەكەن كە ئیمامەكەیانە دەچێتە غەیبەتەوە. واتە: چاوەڕوانی زیندووبونەوەی دەكەن. هەروەها بەڵگەیەكی دیكەی هێنایەوە﴿عن ابي عبداللە جعفر بن محمد علیە السلام (انّە) قال: انّ قدّام القائم علیە السلام علامات بلوى من اللە للمؤمنین . قلت: وما هي ؟ قال: (ف)ذلك قول اللە عزّوجل : ﴿ ولنبلونّكم بشيء من الخوف والجوع ونقص من الاموال والانفس والثمرات وبشّر الصابرین ﴾ البقرة /١٥٥ ، فذلك قال : (ولنبلونكم) یعنى المؤمنین (بشىو من الخوف) من ملوك ...(والجوع ) بغلاو اسعارهم ، (ونقص من الاموال) فساد التجارات وقلّە النفع فیها ... (وبشّر الصابرین)بخروج القائم علیە السلام ...المحجّة فیما نزل في القائم الحجّة / المحدث السید هاشم البحراني .واتە : ابى عبداللە جعفرى كورى محمد (ع) فەرمویەتی: لەپێش هاتنی القائم (ئیمام مەهدی ع) چەندین نیشانە دێن لەلایەن خوداوە بۆ بڕواداران .ڕاوی دەڵێت: ووتم كامانەن نیشانەكان؟ فەرمووی: ئەوانە قسەی خودایە كە دەفەرموێت:﴿ تاقیتان دەكەمەوە بەشتێك لە ترسو برسێتیو كەمی پێداویستی كەلو پەلو نەفسو بەروبوومو مژدەش بدە بە ئارام گرتوان﴾ .فەرمووی: (تاقیتان دەكەمەوە) واتە بڕواداران تاقیدەكاتەوە (بەشتێك لەترس) لەمەلیكو كاربەدەستان (ستەم كاران وەكو سەدام وهاوشێوەكانی) ... (وەبرسێتی) بەرزبونەوەی نرخی شتومەك، (وەكەمی كەلوپەل وپێداویستی ژیان) گەندەڵی بازرگانیو كەمی سوود تێیدا ... (وەمژدەش بدە بەئارام گرتوان) بە دەركەوتنی القائم (واتە ئیمام مەهدی ع) . تێبینی: ووشەی القائم واتە هەستاوە یەكێكە لە لەقەبەكانی ئیمام مەهدی(ع).

ڕێك هاتنەوەی ئەم فەرمودەیە لەگەڵ ئیمام(ع): أ- تاقی كردنەوەی بڕواداران بەفەرمان ڕەوایانی ستەمكار . ب- ترس لە خوێن ڕێژان، ڕاستیەكی حاشا هەڵنەگرە. ج- برسیەتیو گەمارۆی ئابووری ئەوكات كە دەستی بەسەر زۆربەی ناوچە جیاجیاكاندا گرت بەتایبەتی عێڕاق . د- سوودو ڕەشوەو دزیو ستەمو خیانەتو بەتالاّن بردن دیاردەیەكی بەرچاو بوو بەتایبەت لەعێڕاق . ه- مژدەش بۆ پەیڕەوانی ئارام گر. هەروەكو چۆن حاڵی پەیڕەوانی ئەم بانگەوازە وایە كەدابڕاون لەسادەترین هەقی ئاسایی ژیان لەگەڵ ئەوەدا كە فەسادو زیادڕەوی پشتی گەلیان شكاند بە شكاندنێكی بێ وێنە، هەموو ئەمانە بەهۆی نەبوونی مەنهەجو پەیڕەوو دادگەریە. خوێنەری بەڕێزیش بەكەمێك وورد بوونەوە لەسەردەمی ئەوكاتەی كە ئیمام مەهدی(ع) بانگەوازەكەی ڕاگەیاند ڕاستیو دروستی ئەو ڕوونكردنەوانەی بۆ دەردەكەوێت.ئەمە جگە لە چەندین بەڵگەی دیكە.

سەبارەت بەوەی كە ئەوان بەردەوام بانگەشەی ئەوە دەكەن كە زیندوو دەبێتەوە، بەلاّم كەی، بۆچی تائێستا

زیندوو نەبۆتەوە، هەمان پەیڕەو ئەوەی گووت کە﴿دیارە ئێمە بە بێ بەڵگەی زیندوو لە ئایەتو فەرموودە قسە ناکەین بەڵکو بەڵگەی ئایەتو فەرموودەی زۆرمان بەدەستەوەیەو هەروەها زۆر بەڕوونیش لە (کلمات الله) دا ئاماژەی پێ کراوە، بە کاسێتی دەنگیش خودی ئیمام (ع) باس لەشەهید کردنو زیندوو بونەوەی خۆی دەکات بۆ باوەڕ هێنانی سەرجەم مرۆڤایەتی لەسەر ڕووی زەوی دا، بەزیندووبوونەوەی ئیمام (ع) دەسەلمێندرێت کەئەو ئیمام مەهدی ڕاستەقینەیە کە لەخوداوە بەڵێن پێ دراوەو پێغەمبەر (ص) ئاماژەی بۆ کردووە، نمونەی قورئانییش لەزیندووبوونەوە زۆرە لەوانە : حەزرەتی عوزێر(ع) و أصحاب الکهفو زیندووبوونەوەی مردوان بەدەستی حەزرەتی عیسا(ع). بۆ نمونەی زیندووبوونەوەی حەزرەتی ئیمام مەهدی (ع) تەنها یەك ئایەت دەهێنینەوە کە بەڕوونی باس لە زیندووبوونەوەی حەزرەتی ئیمام (ع) دەکات ئەویش ئەوەیە : خودای گەورە دەفەرموێت :﴿ واذا وقع القول علیهم أخرجنا لهم دابة من الارض تکلمهم انّ الناس کانوا بآیاتنا لایوقنون ﴾ النمل /٨٢ . واتە : ﴿ ئەگەر هاتوو فەرمانیان بەسەردا جێ بەجێ بوو بۆ ئەوان دەرمان چواند دابەیەك (گیانلەبەرێك یان مرۆڤێك ) لەزەوی دا کە قسەیان لەگەڵدا دەکات بێ گومان خەڵك بە بەڵگەکانی ئێمە بڕوایان نەهێناو یەقینیان نەبوو ﴾. لەم ئایەتە پیرۆزەدا خوداوەندی شکۆدار دووشتی زۆر گرینگمان بۆڕوون دەکاتەوە :١- پێمان ڕادەگەیەنێت کەپێش ڕۆژی قیامەت مرۆڤێك لەزەوی دێتەدەرەوە لەگەڵ خەڵك قسە دەکاتو دەفەرمووێت کە ئێوە بۆ بە نیشانەکانی خوداوەند باوەڕتان نەبووە؟ ٢- ئەوە پێش ڕۆژی زیندووبوونەوەی گشتی دەبێتو ڕوودەدات، ئەگەر مەبەست لەڕۆژی حسابو زیندووبوونەوەی گشتی بێت ئەوە دیارە کەهەر کەسەو لەسەر کرداری خۆی پاداشت دەدرێتەوەو کەس پێویستی بە ( دابە) نیە، بۆسەلماندنی ئەوەش دەتوانین ئێمە لەفەرموودەی حەزرەت (ص) حەقیقەت بەدەست بهێنین کە بە جوانی ڕوونی کردۆتەوە کە ئەو (دابە) یە مرۆڤە، هەروەك لەم فەرموودەیەدا هاتووە : عن ابی هریرە انّ رسول الله (ص) قال:﴿تخرج الدابة و معها خاتم سلیمان بن داود (ع)وعصا موسی بن عمران (ع) فتجلو وجه المؤمن بالعصا، وتختم أنف الکافر بالخاتم حتی انّ أهل الحواة لیجتمعون، فیقول هذا یا مؤمن أو یقول هذا یا کافر ﴾. سنن ابن ماجە/ کتاب الفتن / حدیث ٤٠٦٦ / جزء الثاني / ص ١٣٥ . واتە :﴿ لە ئەبو هریرەوە، کە پێغەمبەر (ص) فەرمووی : دابەیەك دەردەچێت کە ئەنگوستیلەکەی سلیمانی کوڕی داود (ع)و گۆچانەکەی موسای کوڕی عیمرانی پێیە( سەلامی خودایان لەسەر بێت ) بەگۆچانەکە ڕووی بڕوادار دەردەخاتو بە ئەنگوستیلەکەش لوتی کافر مۆر دەکات هەتا خەڵکی ماڵە لێك نزیکەکان کۆدەبنەوەو دەڵێ ئەوەیە ئەی موسڵمان یان دەڵێ ئەوەیە ئەی کافر ﴾. لەو فەرموودەیەدا دەردەکەوێت کەئەو دابەیە دوو موعجیزەی گەورەی پێغەمبەرانی پێیە کەواتە بێ شکو هیچ گومانمان لەوەدا نیە کەمرۆڤەو خودا بۆسەرکەوتنی دینی خۆی زیندووی دەکاتەوەو ئەمەش پێکەڵپێکە (مطابق)ە لەگەڵ ئەو فەرموودەیەی ئیمام محمەدی باقر(ع) کەلەو بارەیەوە دەفەرموێت : ﴿ اذا ظهر القائم (ع) ظهر برایة رسول الله (ص)، وخاتم سلیمان، وحجر موسی وعصاه، .....﴾ مهدی اخرین سفیر / ص ٢٨٥ . واتە :﴿ ئەگەر هەستاوە (مەهدی ع) دەرکەوت بە ئاڵای پێغەمبەرەوە (ص) دەردەکەوێتو بە ئەنگوستیلەکەی سولەیمانو بەردو گۆچانەکەی موساوە دەردەکەوێت .......﴾ بێ گومان ئەوە سەلماندنی شەهیدبوونی ئیمام مەهدی (ع)و زیندووبوونەوەیەتی کەلە بەرواری شەوی ٢/١ ی مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٩٢ز لەشاری هەولێر شەهید کرا لەگەڵ چوار کەسی تر لەهاوەڵانی، بەڵام هەروەك ئایەتو فەرمودەکان باس لەدەرچوونی دەکەن کەلە زەوی دەردەچێت، هەروەك لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە کە پێغەمبەر (ص) دەفەرموێت : ﴿ مەهدی لەخۆمانەو وون بوونو سەرسورمانێکی هەیە کە میللەتان تێیدا سەر لێ شێواو دەبنو بە زەخیرەی پێغەمبەرانەوە (ع) دێتەوە ....﴾ زەخیرەی پێغەمبەرانیش(ع) موعجیزەکانیانن لەوانەش ئەنگوستیلەکەی حەزرەتی سلیمانو گۆچانەکەی حەزرەتی موسایە. لێرەدا ڕوون بووەوە کەمەبەست لە (دابە) ئیمام مەهدیە(ع). نمونەی تر زۆرە بڕوانە نامیلکەی ئاماژە بۆکراو. سەبارەت بەوەی کەبۆچی تا ئێستا زیندوونەبۆتەوە؟ هەروەکو ئیمام (ع) لە (کلمات الله)دا ڕوونی کردۆتەوەو لەنامەی ژمارە (٥)یشدا بەئاشکراو زۆر بەڕوونی بۆتەواوی حیزبەکانو شەخسیەتە ئیسلامیەکانو سیاسیەکان لەگۆڕەپانی کوردستانو عێراقدا باسی لە سێ گۆڕان (حوکم) کردووە کەبەسەر عێراقدا دێت دوای نەمانی سەدام: یەکەمیان: حکومەتە موەقەتەکان (کاتیەکان) وەکو مجلسی حوکمو چەندی تریش کە کاتی بوون دوای ئەو. دووەمیان: (حکومە حرە کریمە) کە بە هەڵبژاردنی جەماوەری کرا کە ئێستا حوکم دەکات. سێ یەمیان : (حکومە صادقە بریئە) واتە حکومەتێکی ڕاستگۆی بێ تاوان کەئەوەش تا ئێستا نەهاتووەو زەمینەسازە بۆ زیندووبوونەوەی حەزرەتی ئیمام(ع)و قسەی ئێمەش لەسەر زیندووبوونەوەی ئیمام (ع) ئەوەیە تا ئەو زەمینەیە سازدەبێت. دواتر لەبارەی ئەوەی کەسەرچاوەی پارمەتیە داراییەکانیان چینو لەکوێوە دەکرێن گووتی﴿ سەبارەت بەسەرچاوەی دارایی، ئێمە حیزبو ڕێکخراو نین تا چاوەڕێی موچە بین ئەوە لەلایەكو لەلایەکی تریشەوە پەیڕەوانی ئەم بانگەوازە لەهەر شوێنێکی جیهان بن سەرو ماڵیان نایەتە پێش چاو لەپێناو ئەم بانگەوازە﴾. دەربارەی ڕای مامۆستایانی ئاینیو کەسانی خوداناس لەبەرامبەر قسەکانی ئێوە، ئایا دژایەتیتان دەکەن یاخود پاڵپشتی ڕاکانتانن گووتی﴿ ڕاو بۆچوونی مامۆستایانی ئاینیو کەسانی خوداناس سەبارەت بەبانگەوازی ئیمام مەهدی (ع) دوو بەشن : بەشێکیان وەك ئێمە باوەڕدارن بەبانگەوازەکەو ڕاشی دەگەیەننو ڕەنگە زیاتریش لەئێمە ماندووتر بن بە هەموو شێوەیەك. بەشەکەی تریان بەئاشکرا دژایەتی دەکەن هۆیەکەیشی ئەوەیە کە هیچ لێکۆڵینەوەیان نیە لەسەر ئایەتو فەرموودەکانی پێغەمبەر (ص) دەربارەی ئاخیر زەمانو هاتنی ئیمام مەهدی (ع)، لەو بەشەشدا هەندێك هەن بەتەواوی باوەڕیان بەم بانگەوازە حەقیقەتە هەیە بەڵام لەبەر بڕینی موچەکانیان لەبەرچاوی خەڵك دژایەتی دەکەن. لەوەڵامی ئەوەی کە زۆر کەس ئێوە بەکەسانی خەڵەفاو دەزانێتو پێیان وایە بەدوای شتێکی خەیاڵیدا کەوتوون گووتی﴿ هەموو کاروکردەوەکانی مرۆڤ کە دەیانکات بۆ خودا بۆزیاتر بەدەست هێنانی ئیمانێکی پتەوو تۆکمەترە لەوەی کە هەیەتی، ڕەنگە زۆر کەس ئێمە بەخەڵەفاو دابنێن بەڵام بۆ وەڵامی هەموو ئەوانە ئێمە تەنها یەك فەرموودەی پێغەمبەر (ص) دەکەینە وەڵام کە ئەمەیە: ﴿ ڕۆژێك پێغەمبەر (ص) دەرچوو بۆلای کۆمەڵێك لە هاوڕێکانیو فەرمووی : بە ئیمانی کام لە دروست کراوانی خودا سەرتان دەسوڕمێت؟ گووتیان : فریشتەکان، فەرمووی : ئەوان بۆ ئیمان ناهێنن کە لەلای پەروەردگاریانن؟ گووتیان : پێغەمبەران (ع) ، فەرمووی : ئەوان بۆ ئیمان ناهێنن کە وەحی دادەبەزێتە سەریان؟ گووتیان: کەواتە ئێمەین، فەرمووی: ئێوە بۆ ئیمان ناهێنن کە پەیامبەری خودا لەنێوتاندایە؟ گووتیان: ئەوانە کێن؟ فەرمووی : گەلێکن لەدوای مندا دێن کتێبێکیان دەست دەکەوێت لەناو دوو بەرگدا باوەڕی پێ دەهێننو کار بەناوەڕۆکەکەی دەکەن ئا ئەوانە گەورەترین پاداشتیان هەیە﴾. رواه بخاري / أنیس المؤمنین /صفوك سعدالله المختار، تەفسیری

قورئانی پیرۆز / ملا عثمان عبدالعزیز / ذاریات لاپەڕە ٢٢٦ . فەرموودەکە ئاماژە بەدوو شت دەکات : یەکەمیان بەکتێبێك کەدوای قورئان دێت کە تەئویلەکەیەتی هەروەك شیخ محی الدین ابن العربی ئاماژەی پێ کردووە کە مەبەست لە کتێبی (کلمات الله)ی ئیمام مەهدیە(ع) کەلەدوو بەرگدایەو بەشی یەکەم چاپ کراوەو بڵاوکراوەتەوەو بەشی دووەم چاپ نەکراوە بەدەست نووس ماوەتەوە . دووەمیان ئاماژە کردنە بەگەلێك کە غەیری عەرەبن‌و ئەگەر عەرەب بوونایە پێغەمبەر (ص) لەحیاتی ئەوەی بفەرموویێت گەلێك دوای من دێت دەیفەرموو لەنەوەی ئێوە کۆمەڵێك پەیدادەبن. (هەندێك ئایەتیش ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە کتێبێك دێت لەدوای قورئان بۆ ئیمام مەهدی (ع) تەئویلی قورئانی پێ دەکات بەلاّم لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نیە کەباسیان بکەین، لێرەدا مەبەست ئەوەیە : کە پێغەمبەر (ص) ئاوا باس لەپەیڕەوانی ئیمام مەهدی (ع) دەکات، دەبێ ئایا ئێمە خەلەفاوبین یان کەسانێك بین کە باشترین پاداشتیان هەبێت لەلایەن خوداوە ؟! خودای بەرزو بالاّدەست بەم شێوەیە وەلاّمی گاڵتە پێکەران دەداتەوە کە دەفەرموویێت : ﴿ إنّا کفیناك المستهزءین﴾.

دەربارەی ئایا بارەگاو شوێنی دیاریکراویان کە هەبێت بۆ بانگەوازەکەیان گووتی﴿ ئێمە بارەگامان هەبوو لەرانیە لەسەردەمی ئیمام مەهدی(ع) خۆی دا بەلاّم پێش ساڵێك زیاتر لەشەهیدبوونی ئیمام (ع) ئیلهام هاتووە بۆ ئیمام (ع) کە بارەگاکەتان ماوەیەك دادەخرێت تا کاتی زیندووبوونەوەی ئیمام (ع) هەروەك هاتووە: (مکتب تعطیل ). سەبارەت بەوەی کە پەیوەندیان لەگەڵ حیزبە ئیسلامیەکانی کوردستان چۆنە گووتی﴾ هەروەك ئاماژەمان پێ کرد پەیامی ئێمە پەیامی محببەتو خۆشەویستیە بۆ تەواوی مرۆڤەکانی سەر ڕووی زەوی نەك تەنها بۆ حیزبو لایەنە ئیسلامیەکان. دەربارەی پرسیارمان ئەگەر ئەو مەهدیەی کە ئێوە بانگەشەی بۆ دەکەن مەبەست (سەید مستەفا)یە زیندوو نەبۆ ئەو کات وەلاّمتان بۆ خەڵك چی دەبێت. گووتی ﴿ ئێمە لەخۆمانەوە باسی زیندووبوونەوەی ئیمام مەهدی (ع) ناکەین بەڵکو لەڕوانگەی ئایەتو فەرموودەکانی پێغەمبەرەوەیە(ص) خوداش بەرامبەر پێغەمبەر (ص) دەفەرموویێت:﴿ وما ینطق عن الهوی ان هو الاّ وحي یوحی ﴾ سەلماندنی (سەید مستەفا)ش کە ئیمام مەهدیە (ع) ئەویش هەر لەڕوانگەی ئایەتو فەرموودەوەیەو دڵنیاشین کە زیندوو دەبێتەوە، بەلاّم کاتێك کە ئیمام مەهدی (ع) زیندوو بوەوە وەلاّمی ئەو خەڵکانەی کەدژایەتی دەکەن چی دەبێت ؟!.

دەربارەی ئەوەی کەپەیوەندیان لەگەڵ سەید مستەفا چۆنە؟ ئایا قسەو گفتوگۆتان لەگەڵ دەکات هەروەك وا بلاّوەو باس دەکرێ. یەکێکی دیکە لە پەیڕەوانی دەڵێت ﴿ بەڵێ پەیوەندیمان لەگەڵی هەیەو ئەوەش حەقیقەتێکە کە کەس نایزانێت، چۆنیەتی پەیوەندیەکەشمان ئەوەیە کە چەند کەسێکی تایبەتمەند حەزرەتی ئیمام (ع) دەبینن بۆ هەر کارێکی کە بیەوێت ڕێنمایمان دەداتێ هەروەك لەچەندین ئیلهامدا ئاماژەی بۆکراوە یەکێك لەوانە : ﴿ اجریت أمور المهدی خارج مقام الدنیوی ﴾ واتە : ﴿جێ بەجێ دەکەم کارەکانی مەهدیایەتی لەدەرەوەی پلەی دنیایی ﴾. ئیمام مەهدی(ع) لەهەر شوێنێکی سەر ڕووی زەوی بیەوێت دادەبەزێتە لای دۆستانی خۆی بۆ ڕاسپاردەی کارەکانی بەشێوەی نائاساییو بە موعجیزە دادەبەزێتو لەپێش چاوی کەسەکانیش وون دەبێت پاش ڕاسپاردنی فەرمانەکانی. هەرهەمان کەس سەبارەت بەگەشەی پەیڕەوانیان گووتی﴾ دیارە لەسەردەمی خودی ئیمام (ع) پەیڕەوان ڕێژەیەکی دیاریکراوو بەرچاویان هەبوو هەتاکو چاپ کردنی کتێبەکەش بەسەرپەرشتی ئیمام (ع)و بلاّوبوونەوەی کتێبەکەیو ناردنی لەلایەن ئیمامەوە (ع) بۆ زۆر جێگاو شوێنی جیهان. بەلاّم پاش شەهید بوونیو دەرکەوتنی ئەو ڕاستیانەو ئەو پێشبینیانەی کەلە کتێبەکەدا باس کراوەو هاتنەدییان ئەوە بوە هۆی بەڕاست دانانی بانگەوازەکەو گەشە کردنیو زیادبوونی پەیڕەوانی ڕۆژ بەڕۆژ.



گۆڕی سەید مستەفاو یاوەرانی کە لە ساڵی ١٩٩٢ تیرۆرکران

## نەجات رۆستی

# هەندێ لەو رۆژنامە ئازادانە کۆپی رۆژنامەی حزبین بەدیوێکی تر



**نەجات روستی، نوسەرو رۆژنامەنوس، سەرنوسەری گۆڤاری رۆژنامەوان و مامۆستا لەبەشی رۆژنامەنوسی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی لەگفتوگۆیەکی تایبەت بەزناردا تیشك دەخاتە سەر شێوە هونەرەکانی نوسین و کاری رۆژنامەوانی، نەجات خاوەن ئەزموونێکی درێژو مەودا دوورەو پێگەی تایبەتی خۆی هەیە..**

**گفتوگۆی: ئەرسەلان مەحمود**

زنار: با بەقسەکردن لەسەر جیاوازیە جەوهەریەکانی هونەری نوسین‌و بڵاوکردنەوە لەنێوان گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا دەروازەی گفتوگۆکەمان بخەینە سەرپشت..

نەجات روستی: زمانی گفتوگۆو لەیەکتر گەیشتن‌و ئاوێتە بەزمانی ئەدەب باشترین ئەو شێوازەیە کەخوێنەر بەئاسانی لێتیدەگات، ئەو زمانەی کەمیدیای کوردی بەتایبەتی رۆژنامەو گۆڤارەکان کارپێدەکەن، زمانێکی ستاندار نیە، نەبونی زمانێکی یەکگرتوو وای کردووە کەرۆژنامەو گۆڤارەکان زمانی ناوچەییان بەسەردا زاڵ بێت بەو شیوە لۆکالییە ژانەرەکانی رۆژنامەنووسی دەنوسن، ئەگەر بلاوکراوەیەك لەناوچەیەکی دیاریکراودا چالاکییەکانی ئەنجامبداو زیاتر پابەندبێت بەسنورێکی دیاریکراو ئەوە کارێکی باش دەکرێت چونکە باشترین زمان کەژانرەکانی رۆژنامەنووسی پێدەنوسرێت دەبێت زمانێکی سادە بێت بۆ ئەوەی هەموو چین‌و توێژەکانی نێو کۆمەڵ بەئاسانی تێبگەن بەتایبەتی ئەگەر بۆهەموو تاکەکانی نێو کۆمەڵ بنوسرێت، گۆڤارو رۆژنامەکان هەریەکەیان بەئارەزوی خویان وشە دادەتاشن‌و دەیهێننە نێو زمانی کوردی، بۆیە سەرلێشیوایەك لەڕوی زمانەوە لەرۆژنامەو گۆڤارەکان بەدی دەکەم، هەرچەندە وشەی لۆکالی جوانیش هاتۆتە نێو زمانی کوری‌و دواتریش وشەکە چەسپیوەو هەموو ناوچەکانی تر بەکاری دەهێنن، رۆژنامەو گۆڤار کاریگەری زۆری لە سەر تاکەکانی کۆمەلگا هەیە بۆ ئەوەی زمانێکی یەکگرتووی ستاندار دروست بێت بەلام دەبێت ئەو رۆلە مامۆستایانی زمانی کوردی بیبینن، ئەوان زیاتر لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا لە سەری بدوێن.

زنار: لەنوسین‌و بڵاوکردنەوەدا ئەو تایبەتمەندیانەی کەپێویست دەکات بۆ توێژی خوێنەران لەبەرچاو بگیرێن کامانەن.

نەجات روستی : ئەو تایبەتمەندیانەی کەپێویستە لەبەر چاو بگیرێت دەبیت زمانێکی سادەو ساکار بێت خوێنەر هیلاك نەکات لەکاتی خویندنەوەدا، ئەو زمانەش لەبابەتەوە بۆ بابەتێکی تر جیاوازی هەیە، نووسەر دەبێت بزانێت بابەتەکەی بۆ چ خوینەرێك دەنووسێ، بۆ نموونە ئەگەر نووسینێکی فکری بنوسێ دەبێت بەزمانێکی رەوان‌و دور لەزمانی مللی بنوسرێ، چونکە بابەتەکە بۆ کەسانێك دەنووسێ کەبەدوای ئەو بابەتەوە وێڵن بتوانن سودی لێبببین‌و لەهەمانکاتدا دەبێت پشت بەچەندین سەرچاوەی تایبەت بەو بابەتەوە ببەستێ، ئاماژە بۆ سەرچاوەکان بکات، بۆ ئەوەی ئەو خوێنەرەی کەویستی زیاتر لە سەر ئەو بابەتە بخوێنێتەوە بتوانێ بەئاسانی

سەرچاوەکەی دەست بکەوێت، بەلام ئەگەر بابەتێك بنوسرێ کەتایبەت بێت بەژیانی خەڵك‌و خستنەڕوی کێشەیەکی گشتی، دەبێت زمانەکەی زور سادەبێت بۆ ئەوەی ببێتە مایەی ڕەزامەندی خوێنەرو بەبۆچونی من باشترین زمان کە بتوانیت خوێنەر بۆ خوێندنەوەی بابەتەکە کێش بکات، هەمیشە خوێنەر حەز بە خوێندنەوەی بکات شێوەی گێرانەوەییە لەنووسیندا، ئەو شێوازە لەزۆرێك لەرۆژنامە بەناوبانگەکانی جیهان تەنانەت کوردیەکانیش ئەو شێوەیە بەکاردەهێنن، لێرە زیاتر لە چیرۆکی رۆژنامەنووسی بە دیدەکرێ، ئەو تایبەتمەندیانەی کەرۆژنامەو گۆڤارەکان لەبەرچاوی بگرن، سادەیی لەدەربڕین، لەبەرچاوگرتنی هەستی جەماوەر، بەکار نەهێنانی وشەی وروژێنەر مەبەستم ئەو وشانەیە کەپیرۆزیان هەیە لەنێو گۆمەڵگا وەك ئاین‌و داب‌و نەریت‌و.....هتد

زنار: کاری ڕۆژنامەوانی مەودایەکی بێسنور دادەپۆشێ، دەمەوێت نەخشی دەزگا سیخوڕیەکان لەکۆنترۆڵکردن‌و بەکاربردنی ئەو بوارەدا بزانم، ئایا پڕۆژە یاسایەك بۆ بەرگرتن لەو شێوە هەڵسوکەوتانە لەدنیای ڕۆژنامەوانی‌و بەتایبەتیش لەکوردستاندا وجودی هەیە.

نەجات رۆستی: کاری رۆژنامەنووسی تێکەلاوییەکی زۆری هەیە لەگەڵ دەزگا سیخورەکان رەنگە زۆرێکیش لەو دەزگایانەوە سود لەکاری رۆژنامەنوسی وەربگرن بۆئەوەی زیاترین زانیاریان لەسەر دەسەڵاتە جیاکان کۆکەنەوە پارەیەکی زۆریش بۆپەیداکردنی زانیاری تەرخاندەکەن، دیارە دەوڵەتە زلهێزەکانی دونیا پشت ئەستورن بەدەزگاکانی راگەیاندنی دونیا چونکی ئەو زانیاریانەی لەمیدیاکان وەردەگرن رەنگە بەئاسانی دەزگا سیخورەکان بەدەستینەهێنن، لەشەری کەنداو دواتریش ئێراق، میدیای ئەمریکا رۆلێکی گەورەی بینی، بۆیە ( بۆش )لەراگەیاندنەکاندا ئاماژەی بەزانیارییەکانی( cnn ) دەکردو لەراگەیاندنەکانیش ئاماژەی بەوە دەکرد کەئەو زانیاریارنەی کەلە(cnn) وەریگرتووە هەرگیز لەدەزگای (sia ) وەرینەگرتووە، رۆژنامەنووس جاسوسێکی ئاشکرایە هەمیشە بەدوای زانیاریەکاندا دەگەرێ بۆ ئەوەی خەلکی بەو هەموو هەواڵ‌و زانیاریانە ئاشنا بکات کەلەهەموو سوچێکی ئەم دونیایە روئەدا، هەربۆیە رۆژانە لەهەموو جییهان رۆژنامەنووسان ژیانیان دەکەوێتە مەترسیەوە، بەرشەق‌و زلەی پۆلیس دەکەون‌و دەخرێنە زیندان‌و تیرۆر دەکرێن، رۆژنامەنووس لەچوارچێوەیەی یاسایەك کاردەکات کە زۆر پابەندە بەویاسایە کەلە وڵاتێك بۆ وەڵاتیکی تر جیاوازی هەیە، یاسایەکی گشتگیر نیە بۆ ئەوەی رۆژنامەنووسانی جیهان لەچوارچێوەی کارەکانیان کاری پێبکەن، لەکوردستان تائێستا پرۆژە یەسایەك نیە کەدەزگاکانی راگەیاندن کاری لەسەر بکەن، هەرچەندە ماوەیەکی زۆرە سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان رەشنوسێکی کاری ڕۆژنامەنوسیان داوەتە پەرلەمانی کوردستان بەڵام تائێستا گفتوگۆی لەسەر نەکراوەو نەبۆتە بیریارو پرۆژە کاری لەسەر بکرێت.

زنار: لەولآتی ئێمەدا، ڕۆژنامە چاودێری حکومەت دەکات یان بەپێچەوانەوە؟..بلێی نەخشی ڕاگەیاندنی کوردی لەپەراوێزدا هەڵدەسوڕێ یان توانیویەتی خاوەن پێگەو دەنگی ڕاستەقینەی خۆی بێت.

نەجات رۆستی: ئەرکی سەرەکی کەناڵەکانی راگەیاندن چاودێری کردنی کارەکانی حکومەتە بەشێوەیەکی راستگۆیانە کەموکوریەکان بخاتەروو، لەولاتانی پێشکەوتوو رۆژنامە ئەتوانێ حکومەت بگۆرێ‌و خەڵك بێنێتە سەرشەقام‌و گۆرانکاری لەتەواوی یاساکانی بەرێوەبردندا بکات‌و بخاتەوە، سەدان نموونە هەیە کەرۆژنامە چ کاریگەریەکی گەورەی هەبووە، رۆژنامەی کوردی هەمیشە هەوڵی داوە رووی ناشرینی دەسەڵات لەبەرچاوی خەڵك جوانبکات‌و کەموکورییەکانیان بشارێتەوە، بەپێچەوانەی رۆژنامەکانی دونیا بەتایبەتی خۆرئاوا، بۆیە نەیتوانیوە ئەو متمانەی جەماوەر بۆ خۆی بەدەست بهێنێ، هەر بۆیە زۆرێك لەرۆژنامەکان لەکتێبخانەکان تۆزیان لەسەر دەنیشێ، هەرچەندە ئێستا رۆژنامەی ئازاد بونی هەیەو تارادەیەك توانیویەتی کەکاریگەری لەشەقامی کوردی هەبێت بەڵام وەك پێویست نیە لەبەر ئەوەی هەندێ لەو رۆژنامە ئازادانە کۆپی رۆژنامەی حزبین بەدیوێکی تر، پەیامەکانیان ئاراستەدەکەن کەبەزمانێکی جیاواز تر لەزمانی راگەیاندنی حزبی، بەڵام لەجەوهەری کاردا هەمان ئەو پەیامەیە کەلە راگەیاندنەکانی حزبی ئاراستە دەکرێت، پێم وانیە رۆژنامە تانەبێتە خاوەنی ئابورێکی تایبەتی خۆی‌و پشت بەبنەما مادییەکانی خۆی نەبەستی بتوانێت بیلایەنانە کاربکات، ئەو زانیاریانەی کەلەرۆژنامە بەناو ئازادەکان بلاو کرێنەوە، لەسەرچاوە تایبەتیەکانی حزبی وەردەگیردرێت، ئەو هەواڵ‌و بابەتانەی کەرۆژنامەیەکی حزبی بلاوی ناکاتەوە لەبەرئەوەی لەسەر لایەنە سیاسیەکە دەکەویت، بابەتەکە بەشێوازی هونەری بۆیاندادەریژرێ‌و بەو مەرجە ئەدرێتە رۆژنامەکان کەوەك خۆی بلاوی بکەنەوە، رۆژنامەی کوردی نەیتوانیوە دوای پانزە ساڵی ئازادی بێتە خاوەنی پێگەیکی سەربەخۆ تا بیست ساڵی تریش پێم وانیە ببێتە خاوەنی پێگەی خۆی، ئەگەر رۆژنامە توانی لەبازنەی پارێزگاری دەرچێ ئەوا دەتوانێ ببێتە پردێکی بەتینی جەماوەرو دەسەڵات‌و دروستکردنی رای گشتی.

زنار: لەدەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابووردو ژمارەیەکی زۆر لەڕۆژنامەنوسانی ئەمریکی پشکنینی ڕۆژنامەنوسییان لەبەرژەوەندی حکومەتەکەیان‌و تەنانەت لەخزمەتی ئاژانسی هەواڵگری cia ئەنجامدا، هەروەك چۆن ڕۆژنامەنوسە ئەفریقیەکانیش ڕۆڵێکی بابەتیانەیان لەسەربەخۆیی وڵاتەکەیاندا گیڕا، بەبڕوای ئێوەو بەپێوەری عورفی کاری ڕۆژنامەوانی هەمەکارەیەکی لەوچەشنە دەچێتە چ خانەیەکی کارو ئادای کارکردنەوە.

نەجات رۆستی: لەپرسیاری پێشووتردا ئاماژەم بەوەدا کەکەناڵەکانی راگەیاندنی ئەمریکا چ کاریگەریەکیان هەبوو، رۆژنامەنوسێك کەبەملیۆنان میل دەبڕێت‌و گیانی خۆی دەخاتە مەترسییەوە بۆئەوەی هەواڵ‌و زانیاری بەردوام بگەینێتە هاوڵاتیانی وڵاتەکەی ئەوە گەورەترین خزمەتە بەدانیشتوانی وڵاتەکەی دەکات لەگۆرانکاریەکانی جیهان ئاگاداریان دەکاتەوە، کارکردنی رۆژنامەنووسان بەو چەشنەی کەلەبەرژەوەندی وڵاتەکەیان لەجیهان کاردەکەن، لەهەمو وڵاتیکی خاوەن سەروەری ئەو رۆژنامەنوسانەی کەڕوو لەوڵاتان دەکەن دەبێت لە چوار چێوەی یاسای کاری رۆژنامەنووسی ئەو وڵاتە کار بکاو زانیارییەکان بگەینێتە ئاژانسەکانی هەواڵ، پێم وایە رۆژنامەنوسان کەلەیاسای کار رۆژنامەنووسی لایاندا روبەروی دادگای ئەو وڵاتە دەبنەوە، دەیان رۆژنامەنووس لەوڵاتانی جیهان بەهۆی پابەندنەبون بەیاسای رۆژنامەنووسی ئەو وڵاتە زیندانی کراون، چەندین ساڵ ژیانیان لەچوار دیواری زیندان بەسەر بردووە، هەر کارێکی رۆژنامەنوسی کەکاریگەری هەبێت لەسەر شێواندنی باری ئارامی وڵاتەکەو ناشیرین کردنی رووی ئەو کۆمەلگایە دەچێتە خانەی دوژمنکارییەوە، هەموو وڵاتانی دونیا سوود لە کەناڵەکانی راگەیاندنی خۆیان وەردەگرن بۆ پێشخستنی‌و چارەکردنی گرفتەکانی وڵاتەکانیان.

زنار: مافی رادەربڕین‌و ئازادی بیروڕا، وەك یەکێك لەبنەما دەستوریەکانی کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکانی مرۆڤایەتی جەختی لەسەر دەکرێت، بەپێی ئەو دەستورەی

چاوەڕێدەکرێ پەسند بکرێتو بڵاو بکرێتەوەو کارپێبکرێت لەکوردستاندا، ئێمە تا چەند توانیومانە خاوەنداریتی ئەو مافو پەیڕەوی ئەو ئازادیانە بکەین.

نەجات رۆستی : ئازادی رۆژنامەنوسی بەهۆی زۆر بوونی رۆژنامەو گۆفارەکان تارادەیەکی زۆر مەودایەکی زۆری داپۆشیوە لەنێوو لاپەرەکانی رۆژنامەکان، بەڵام لەهەمان کاتیش رۆژنامەنوسان بەردوام رووبەڕوی دادگا دەبنەوە بەهۆی بڵاو کردنەوەی هەواڵی هەڵەو ورد نەبوونەوە لەزانیارییەکان، بەڵام بەپێی راپۆرتەکانی هەواڵنێرانی بێسنور ئازادیەکی فرە لەهەرێمی کوردستان هەیە، رۆژنامەنوسان بۆیە توشی هەڵە دەبن لەکاری رۆژنامەیان چونکە شارەزایەکی ئەوتۆیان نیە لەسەر یاسای راگەیاندنو مەفهومی ئازادی رادەربڕین، دەرچوانی بەشی راگەیاندنیش نەیان توانیوە لەئاست کارەکانیان دابن، چونکە ئەوان بەهۆی خوێندنی وانەیەکی تایبەت بە ناوی یاسای راگەیاندن شارەزایەکیان هەیە، بەڵام لەکاتی کارکردنیاندا ئەو لایەنە فەرامۆشدەکەن، ئەتوانم بڵێم ئەو ئازادیەی کەهەمانە نەمانتوانیوە وەك پێویست سودی لێوەربگرین بۆ پاراستنی مافەکانی رۆژنامەنووس.

زنار: باوەڕناکەی سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان لەئاست پێدانی ناسنامەی رۆژنامەنوسی جۆرێك لەپەرشو بڵاویوو بێ ئەرزشکردنی پیشەکەی خستۆتەوە.

نەجات رۆستی: بەهۆی بوونی دوو رێکخراوی رۆژنامەنووسی پێش یەکگرتنەوەی حکومەت زۆرێك لەخەڵکی کەهیچ پەیوەندیەکیان بەکاری رۆژنامەنوسیەوە نیە بونەتە خاوەنی ناسنامەی رۆژنامەنووسیو مافی رۆژنامەنووسە کاراکانی تریشیان خواردووە، زۆرێك لەدەزگاکان پشگیریان بۆ چاپچیەکانو کارمەندە ئیداریەکانیان کردووە کەبونەتە ئەندام لەسەندیکا، پێم وایە ئەو هەموو ئەندامانەی سەندیکای رۆژنامەنووسی شەنو کەوبکرێت لەسەر بنەمای کاری رۆژنامەنوسی ناسنامەیان بۆ بکرێت، لەنیوەی زیاتری ئەندامانی سەندیکا نابنەوە خاوەنی ناسنامەکەی ئێستایان، هیوادارم لەکۆنگرەی دووەمی سەندیکا ئەو خاڵە لەبەرچاو بگیرێتو چاوێك بە ناسنامەو ئەندامانی بخشێنێتەوە.

زنار: نەخشی ڕاگەیاندنو میدیا بەگشتی لەوڵاتی ئێمەدا سەبارەت بەپرسی ئافرەتان هەست ناکەی نەیتوانیوە موخاتەبەکردنێکی جەوهەری ڕەنگ پێبداتەوە.

نەجات رۆستی: خودی رۆژنامەنووسە ژنەکان نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی چالاك بێنە مەیدانی رۆژنامەنوسیەوە ئەگەر بەپێی ئاماری سەندیکای رۆژنامەنوسی بێت ژمارەیەکی فرە لەژنان رۆژنامەنووسنو کاری رۆژنامەوانی دەکەن بەڵام بەداخەوە لەچەند ناوێك نەبێت لەرۆژنامەکان بەرچاو دەکەون ئەوانیش زۆر کەمن ناوی تر نییە، رۆژنامەو کەناڵەکانی راگەیاندن رۆڵێکی باشیان بینیوە لەخستنە روی کێشەو گرفتەکانی ژنان بەلام نەتوانراوە ئەو کێشانە چارە سەر بکرێت کەئەمەش کاری دەسەڵاتە کەرێگر بێت لەتوندوتیژی دژی ژنان، کاری میدیا تەنها خستنە روی کێشەکانە، چارەسەر بۆ لایەنی جیبەجێکار جێ دێڵێ.

زنار: پێت وایە ڕۆڵی میدیای کوردی لەهەمبەر ئەو پرسو ئاریشانەی ئەمڕۆی کوردستانو ناوچەکە دەبێت چۆن بێت.

نەجات رۆستی : میدیای کوردی رۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە روبەڕوبونەوەی ئەو مەترسیانەی کەروبەڕوی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی لەدوای راپەرین بەتایبەتی لەم ساڵانەی دوایی بیری نەتەوەیی لەنێو لاوان لاواز بووە، نەوەی دوای راپەرین باکی بەو ئازادییە نیە کە ئێستا هەیە چونکە ئەوان لەکەشێکی ئازاد گەشەیانکردوە، ئەو ئێشوئازارەی کەتاکەکانی پێش راپرین بینیویانە ئەوان نەیاندیوە، میدیا دەتوانێ رۆڵێکی باش ببینێ بۆ ئەوەی بیری نەتەوەیی جارێکتر لەنێو لاوان زیندوو بکاتەوەو وا لەلاوان بکات کەوڵاتو خاکی خۆیان خۆشبوێ، روبەڕوی دوژمنانی کورد ببنەوە، میدیای کوردی لەهەمبەر ئەو ئاریشانە دەبێت هەمیشە هەوێنی یەکبوونی کوردبن نەبنە هۆی لەیەکتر ترازاندنی ریزەکانی گەل، هەمیشە هەواڵی راستو دروست بگەیەننە خەڵکی ئەگەر هەواڵەکە لەبەرژەوەندی کوردیش نەبێت بۆ ئەوەی گەل زیاتر ئاگاداری نەخشەو پیلانەکانی دوژمن بێت واتە میدیایەکی راستگۆیانە بێت.

زنار: بەم ژمارەیەمان پێ دەنێینە یەکەمین ساڵیادی( زنار )ەوە، پەیڤێکتان سەبارەت بەئەدای کارکردنو نەخشی گۆڤارەکە هەیە.

نەجات رۆستی : ئەو چەند ژمارەیەی کەمن بینیومە تارادەیەکی باش بنەماکانی کاری رۆژنامەنوسی لەبەر چاو گیراوە، هەرچەندە هەندێ بابەتی دوورودرێژ بەرچاو دەکەون خوێنەر توشی مەلەل دەکاتو تاقەتی خوێندنەوەی نیە، لەروی دیزاینەوە هەوڵبدرێ زیاتر گۆرانکاری تێدا بکرێت، دیزاینی ژمارەی رابردو زاڵ نەبێت بەسەر ژمارەی نوێ، وەرگرتنی هەندێ وێنەی لێل لەئینتەرنێت جوانیەکانی دیزاین دەشارێتەوە، دەخازم لەژمارەکانی ئایندەی زنار زیاتر گرنگی بەچاوپێکەوتنو ریپۆرتاژی رۆژنامەنوسی بدەنو خۆتان بپارێزن لەهەندێ بابەتی دورو درێژو وشك.



## رۆژنامەنووسە ژنەکان نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی چالاك بێنە مەیدانی رۆژنامەنوسیەوە

زنار: چۆن دەبینە خاوەنی ڕاگەیاندنێکی بابەتیو بەنەخش.

نەجات روستی : هەرکاتێك راگەیاندن بووە پرۆژەیەکی بازرگانیو کۆمپانیای تایبەت بە رۆژنامەو گۆرڤارو تەلەفزیۆنو رادیۆو ئەوانی تر پەیدابوون، ریکلام بووە بەشێکی گرنگ بۆ پاڵپشتی دارایی رۆژنامەو رۆژنامەنووسان، ئەوا راگەیاندنێکی ئازادو دوور لەدەستێوەردانی دەسەڵات دروست دەبێت، دەتوانێ بابەتەکانی بەشێوەیەکی شەففاف ئاراستە بکات، کۆمپانیاکان خۆیان نەخشەی راگەیاندنەکان دیاری دەکەن بۆ زیاتر فرۆشتنی رۆژنامەو پەیداکردنی بینەرو بیسەر بۆ کەناڵەکانیان.

# ١١/٢٥ سەرەتایەکی نوێ بۆ نەهێشتنی دیاردەی توندوتیژی

**نەسرین حەسەن**

چەمکی ژیان لای هەرکەسێك واتایەکی تایبەتی هەیەو هەرکەسە بەپێی تێڕوانینی خۆی مامەڵە لەگەڵ ژیان دەکات. ((زیمرمان)) پزیشك‌و فەیلەسوفی سویسی دەڵێ: ((دونیا لەگەڵ مرۆڤ مامەڵەی راستەوخۆی هەیە ئەگەر پێبکەنی، بەڕووتدا پێدەکەنێ، ئەگەر توڕەبیت ئەویش تووڕە دەبێت ئەگەر بەباشی بیر بکەیەوە ئەوا خۆت لەتەنیشت زانایان دەبینیەوەو ئەگەریش دڵ نەرم‌و میهرەبان بیت ئەوە لە دەوری خۆت کەسانێك دەبینیت کەتۆیان خۆشدەوێت دەرگای خەزێنەی دڵەکان بەڕوتدا دەکرێتەوە و ئەو کاتەیە کەتۆ زۆر بەختەوەری)). ژیان دەکرێت واتایەکی زۆر جوانی هەبێت‌و هەستێکی خۆشت پێ ببەخشێ، ئەگەر بەئارامی لەگەڵیدا مامەڵە بکەیت، بەڵام بەداخەوە ئەمەی ئەمڕۆ دەبینرێت‌و هەستی پێدەکرێت مامەڵەیەکی توندڕەوانەو توندوتیژانەیە کە رەنگ دانەوەکەشی بە شێوازی سلبی‌و نیگەتیڤانە.

ئاسەواری لەناو بیرو هزری مرۆڤ جێ دێڵێ‌و وەك فەرهەنگێك لە پەرەسەندن دایە، دیاردەی توندو تیژی، دیاردەیەکی قێزەون‌و ناحەزی کومەڵگای مرۆڤایەتیە سەرەڕای ئەوەی کە پانتاییەکی بەرفراوانی داگیرکردووە، بەڵام دەکرێت لە هەموو کاتدا هەوڵی بنبڕکردنی ئەو دیاردەیە بدرێت ئەوەی لێرەدا دەمەوێت زیاتر ئاماژەی پێبدەم مەبەستی سەرەکیم بۆ ئەو باسە، توندوتیژی خێزانیە کە زیاتر پەلاماردەر پیاوەو قوربانیش ئافرەت‌و منداڵە، توندو تیژی بەرامبەر بەئافرەت، تەوەرێکی نوێ نیە کە باسی بکەین، بەڵکو رۆژ نییە کە باس لەو دیاردەیە نەکرێت، دیارە ئەوەی باسیشی بکەم، لەوانەیە بۆ خوێنەر شتێکی نوێ نەبێت کە سەرنجی رابکێشێت، بەڵام خاڵێك کە زۆر گرنگە بەلای منەوە کەوای لێکردم ئەو بابەتە باس بکەم، ئەویش هاتنی ٢٥/١١ کە رۆژی نەهێشتنی توندوتیژیە بە رامبەر بە ئافرەت لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە رەسمی راگەیاندرا، دەرکردنی بڕیارێکی بەم جۆرە لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان راستەوخۆ هەست بە زەنگێکی مەترسیدار دەکەی لەو دیاردەیە کە وا پێدەچێت رۆژ بە رۆژ زیاد دەکات‌و تەنانەت لەوڵاتە پێشکەوتووەکانیش، بەڵام لەوانەیە شێوازی توندوتیژی‌و هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە لە هەموو جێگایەك وەکو یەك نەبێت، لە کۆمەڵگای کوردی سەرەڕای حوکمی پیاوسالاری کە خاوەن دەسەڵات پیاوە، هۆکارێکی دی بۆ سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە هەیە، ئەویش ئێمە بیرکردنەوەیەکی زانتسیانەمان نیەو بە تەواوی نەگەیشتوینە ئەو ئاستەی کە کەڵك لە ئازادی ژیان وەربگرین‌و لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە سەردەمیانەدا بەرەو پێش بڕۆین، ئەمەش وامان لێدەکات کەتوشی هەڵە بین‌و بە داخەوە چارەسەری کێشەکانیش تەنیا لەرێگەی تووندوتیژیەوە دەکەین، کە نە تەنیا ناتوانین چارەسەرێکی گونجاو بدۆزینەوە، بەڵکو زیاتر کێشەکان پەرە دەستێنن‌و بەرەو قۆناغێکی ئاڵۆزتر دەڕۆن، لەگەڵ نزیك بوونەوەی ئەو رۆژە چەندین پرسیار سەر هەڵدەدەن: تا چەند ئەم بڕیارە دەتوانێت لە باری یاسایی خۆیدا چارەسەری کێشەکانی ئافرەت بکات؟ ئایا ئەو رۆژە دەتوانێت ببێتە رۆژێکی مێژویی لەجیهان وەك مانا راستیەکەی خۆی بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە؟ ئایا بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە تەنیا دەرکردنی بڕیارێك دەتوانێ ئامانجەکانی ئافرەت بێنێتە دی؟ ئەگەر کردەوەی لەگەڵدا نەبێت؟ هەرچەندە کە ٢٥/١١ بۆ تەواوی ئافرەتانی جیهان جێگای دڵخۆشیە، بەڵام دەبێ ئەوەش لەیاد نەکەین کە بەدیهاتنی خەونەکانمان کە ئافرەت‌و پیاو بە یەکەوەو بە یەکسانی‌و دوور لەهەر دیاردەیەکی توندوتیژی لەژێر یەك سێبەردا ژیان بەسەر بەرن، دەبێ ئەو دیموکراسیە راستەقینە بچەسپێت کە هەمومان خوازیارین، نەك ئەو دیموکراسیەی کە تەنیا لە بەرژەوەندی پیاودا بێت، هیوادارین کە ئەو رۆژە سەرەتایەکی نوێ بێت بۆ چەسپاندنی بیروهزرێکی نوێ لە عەقلیەتەکاندا بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیەو گەیشتن بە ژیانێکی ئارام‌و دڵخۆش، ئەو کاتەیە کە هەست بە هەمو جوانی‌و خۆشیەکانی ژیان دەکەی.





# نیگەرانیەکانی شەقامی کوردی لەئایندەی هاوپەیمانیەتی لەگەڵ ئەمریکا

ئا: هەندرێن شێخ راغب

**ئایا چۆن دەتوانین کورد وەکو هاوپەیمانی ئەمریکا لەعێراقدا بناسێنین؟ بەکام پێوەری سیاسیو هاوپەیمانی لەدۆستایەتی کوردو ئەمەریکا تێبگەین؟ دەبێ کورد لەچیداو چۆن ترسی لەئەمەریکا هەبێ؟ کورد چۆن لەئەمریکا تێبگاتو بەچ میکانیزمێك پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەمریکادا قوڵ بکاتەوە؟ پەیوەندی دووقوڵی نێوان کوردو ئەمریکا لەروی ئیقلیمی یان نێودەوڵەتی چ ئاستەنگو کێشەیەك بۆ کورد دروست دەکات؟ دەبێ کورد بۆچیو لەچی ئەمریکا گومانی بێت؟ چۆن سیاسەتێکی ستراتیژی نەتەوەیی لەم قۆناغەدا وەرێبکەینو لەکوێدا پێویستە سود لە دۆستایەتی ئەمریکاو دۆستانی دیکە وەربگرین؟.**

**هەموو ئەوانەی سەرەوە ئەو پرسیارانەن کە شەقامی کودی لەبەرامبەر چارەنووسی ئەو هاوپەیمانیەتیەی کورد لەگەڵ تاکە زلهێزی دنیاو داگیرکەری عێراقو خاوەنی بڕیاری ئایندەو چارەنووسی ئەو ولاتەو حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێوەبەندە هەیەتی، گۆڤاری زنار ئەم پرسیارانەی ئاراستەی چەند بەڕێزێك کردوو ئەم را لێدرووست بوو.**

**لوقمان حەسەن رۆژنامەنوس:**

رێساو لۆژیکی هەر هاوپەیمانێتیو رێککەوتنی دوو لایەن یان زیاتر ئەگەر بە دیکۆمێنتو پڕۆتۆکۆڵی فەرمیو یاسایی نەبێ ئەوا گەوهەرو ناوەڕۆکی هاوپەیمانێتی بێ بەهاو بێ نرخە، بەنمونە ئەوا بەناو هاوپەیمانیەی نێوان ئەمریکاو کورد لەشەڕی پرۆسەی روخانی رژێمی بەعسدا..کە سەرکردایەتی سیاسی کورد بەشێوەیەکی ساکارو پڕ لەسۆزوعاتیفە چووە نێو گەمەی سیاسی ئەمریکا بێ ئەوەی ئەمریکا ئەجێنداو بەرنامەی خۆی لەدورایيە سیاسیەکانی دوای روخانی رژێم بەکورد بڵێو شانسی ئەوەی بداتێ کە کۆمەڵێك دەسکەوتو باکگراوندی سیاسی لەپشت پەردە هەیە، گریمانەی ئەوەی لێ بکرێ ئەمریکا لە هەلومەرجە ناخۆشو پڕ لەقەیرانەکان پشت لەکورد ئەکات. بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا ئەمریکا ویستویەتی هاوپەیمانێتی کورد بکات یان کورد لەخۆیەوە خۆی هەڵداوەتێو هەندێ ئاکارو رەفتاریشی بەناوی هاوپەیمانێتی ئەمریکا لێرەو لەوێ کردوە. وا خۆی نمایش کردوە کە ئەمریکا لەدورەوە بە ئەداو رەفتاری سیاسیو دبلۆماسی کورد معجب بێ. ئەوەی من لێی تێبگەم کورد یان سەرکردایەتی سیاسی کورد وەك گوتارێکی سیاسی یان پڕۆژەیەکی یەکانگیری نەتەوەیی هیچ هاوپەیمانیەتی لەگەڵ ئەمریکادا نەبوەو نییە تەنیا هەندێ هەوڵو کۆششی بەشێوەی تاکەکەسی نەبێ کە ئەویش هیچ کاریگەریو "جدوای" سیاسی ئەوتۆی لەسەرکێشەی کورد نەبووە.

⋆کورد بەرەسمی بەشێوەی واژۆکردنی پڕۆتۆکۆلی دوو قۆڵی لەگەڵ ئەمریکا هیچ شتێکی نییە تا بتوانێ پێوەرو سیماکانی ئەو هاوپەیمانیەتیە دیار بکەینو رەگەزو سیفەتەکانو ئەگەرەکانی باس بکەینو بتوانین رەونەقێکی لێ هەڵنجین.

⋆ئەوەی هەموان دەیزانینو پێویستە هەمیشە بیزانین ئەو راستیەیە کە ئەمریکا وەك زلهێزێکی دونیا سیاسەتو بەرنامەو ستراتیژی خۆی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی سەرکەوتنەکانی خۆی بینا دەکات..بۆ دۆزینەوەی میکانیزمو قوڵکردنەوەی پەیوەندیەکانمان لەگەڵ ئەمریکا ئەوە پرسێکی درەنگ وەختە چونکە سەرەتای هاتنی ئەمریکاو سەردەمی گەرمو گوڕی روداوەکان کورد شتێکی نەکرد ئەمڕۆ خەرمانەکەی هەڵگرێتەوە، ئەی چۆن ئێستا کە ئەمریکا لەسەرئاستی ناوخۆییو دەرەوە لەقەیران دایە سەبارەت بەمانەوەی لەعێراقدا، کورد دەتوانێ تازە بەتازە پەیوەندیەکان لەگەڵ ئەمریکا تەندروستو رێك بخاتەوە. کورد لەهەردوو "عاملی" ئیقلیمیو نێو دەوڵەتی پێویستی بەپلانو بەرنامەرێژی ستراتیژیە، چونکە عاملی " ئیقلیمی" بۆ کورد زۆر دژوارە هیچ دۆستێکی جێگیرو شایانی خۆشباوەڕی نییە. بۆیە هاوسەنگ راگرتنی پەیوەندیە ئیقلیمی یەکان کارێکی پێویستو ژیاریە بۆ کورد، بۆیە دەبێ زۆر زیرەکانەو بەحەزەرەوە لەتەك گرفتە ئیقلیمی یەکان رەفتار بکات.

هەرچی "عاملی" نێو دەوڵەتیشە کورد دەبێ لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان دەرهەق بە ئەدای سیاسیو کارگێڕیو کۆمەڵایەتی سەرنجی دونیای دەرەوە رابکێشێ بەرێزگرتن لە ئازادیە سیاسیەکان بنەماکانی دیموکراسیو کۆمەڵی مەدەنیو رێزگرتن لەمافی مرۆڤو مافی کەمینەو پێکهاتە سیاسیو نەژادیەکان، کە ئەمانە پێوەرن بۆ پشتیوانیو پشتگیری سیاسیانەی رۆژئاوا لەکورد وەك کیانێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی: هەروا لەسەر ئاستی دەرەکیش هەوڵی رێکخراوەییو گروپو هەوڵی تاکەکەسی لەپشکداربونی کورد لە رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیو(ngo)کان بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر رای گشتی ئەوروپاو رۆژئاوا. هەروەها پێویستە کورد روانگە سیاسیو فیکریو کۆمەڵایەتیەکانی خۆی ئاراستەی دونیا بکات. هەروا بتوانێ هاوسەنگی فاکتەرە خودیو بابەتیەکانی بکات. هیچ هەنگاوێك لەسەر حسابو بەرژەوەندی ئێرەو ئەوێ نەبێ دەبێ لەهەر هەنگاوو رەفتارێکی بەرژەوەندی نەتەوەیی لەبەرچاوبگرێ هەر پێشهاتو روداوێك ئەگەر بەسودو قازانج بۆ ستراتیژی نەتەوەیی تەواو نەبێ کورد ئەبێ پشتیوانو هاوبەشی تیادا نەکات.

**ئومێد عبدالرحمان، مامۆستا**

لەدنیای ئەمڕۆدا " واشنتۆن" نەك هەر پایتەختی ئەمریکا، بەڵکو پایتەختی چارەنوسی زۆربەی کێشەو گرفتەکانو ئاراستەی روداوەکانی ئەم دنیایەی لێوە دەردەچێت. بەدەگمەن روو ئەدات کێشەیەك لەولاتو ناوچەیەکی دیاری کراوی ئەم گۆی زەویە روبداتو ئەمریکا رۆڵی تێدا نەبینێ. ئەم هێزە گەردونیە زەبەلاحە توانای یەکلایکردنەوەی کێشەکانی هەیە لەهەمبەر جیهاندا. کێشەی کوردیش دەچێتە ریزی ئەو کێشانەی کە ئەمڕۆ چاوەڕوانی رەحمەتو نەعلەتی دەستی ئەمریکایە، بۆیە دەبێت لەئاستی تێگەیشتنی ئەم مەسەلەیەدا وردبینو سەرجەم رەهەندە فیکری وسیاسیو ئابوریو ئاینیو ژیاریەکانی ئەم بابەتە لەبەرچاو بگرین، چونکە مەسەلەکە زۆر لەوە گەورەو بەخۆترە. کەلەسەر ئاستی سیاسی یان دبلۆماسی یان باسی پەیوەندیەکانی کوردو ئەمریکا بکەین، یان چاوەڕوانی کون فەیەکونێکی ئەمریکابین بمانکات بەدەوڵەت یان تا چەندێك دەسەڵاتی سیاسی کوردو هەڵوێستی گەلی کورد لەبەرامبەر ئەمریکادا جێگەی رازیبونو خۆشحاڵی ئەمریکایە دەبێت لەوە دوورتر بڕوانین کەباسی گەلێکی بێ دەوڵەتو بەشخوراو بکەین یان باسی مافی کورد لەچوارچێوەی عێراقی فیدڕاڵیدا بکەین یان بڵێین مافی کوردو بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا کەوتونەتە سەریەك سکەو چۆنی لێبخوڕین دەڕوات. راستە لێدانی عێراق لەلایەن



ئەمریكاوە دەرفەتێكی هێنایە پێشمان كە كێشەی كورد بخەینە سەر شانۆی نێو دەوڵەتیو بەو راگەیاندنەی ئەمریكا رازی بوین كە شەڕی دژ بە چەكی كۆكوژو بڕینی سەرچاوە داراییەكانی تیرۆریزمو ئازادكردنی گەلانی عێراق لەدەست دیكتاتۆریەت بوو. بەهەر حاڵ ئەوەی ئەمڕۆ لەواقیعدا دەبینرێت ئەمریكایەكی زەبەلاحو تۆكمەو خاوەن هێزو دەسەڵاتە لەبەرامبەر دۆستو دوژمنەكانی دا راوەستاوە، دوژمنایەتی كردنی چەندێك سەختو زەحمەتە دۆستایەتی كردنیشی ئەوەندە سەختو زەحمەتە لەسیاسەتی ئەمریكادا هەموو دۆستەكانی وەك ئامێرو كەرەستە بۆیان دەڕوانێتو بەكاریان دێنێ لەپێناو ئامانجەكانی خۆیدا. لەگەڵ پڕۆژەی بەدیموكراتیزەكردنی رۆژهەلاتی ناویندا كە ئەمریكا ئیدیعای بۆ دەكات ناكۆك نین، كۆمەڵگای مەدەنیو كرانەوەمان دەوێتو نامانەوێ بكەوینە دەرەوەی دنیای مۆدێرنە هەموو ئەو دەوڵەتو هێزانەی بەجددی كار بۆ دیموكراسی دەكەن بەدۆستی خۆمانشیان دەزانینو لەگەڵ پرۆژەی بەدیموكراتیزەكردنی عێراقو كوردستان داین، ئەگەر دیموكراسی ئەو سیستەمە سیاسەت بێت كەمافە تاكەكەسیو مافە مەدەنیو مافە سیاسیەكانمان تیایدا جێیبوبێتەوە. ئەو حەقیقەتە باش ئەزانین كە دروست كردنی عێراقی كۆن جێ پەنجەی بەریتانیاو دروست كردنی عێراقی نوێش جێ پەنجەی ئەمریكای پێوە دیارەو ئەم حەقیقەتە چۆتە ناومەودای رۆشنبیریو كولتوری گەلانی عێراقو گەلانی ناوچەكەو بگرە زۆر جار لەناوكایە مەعریفیو رۆشنبیریەكانی تاكەكەسیشدا رەنگ دەداتەوە بۆیە پێیان وایە جەنگ لەپێناو ئازادیو دیموكراسی دا بەتەنها ئیدۆمێكی سیاسی نیە كە تەنها ئیشوكاری سیاسەت مەدارەكان بێتو تەنها ئەوان مافی تێگەیشتنیان هەبێتو بەكەیفی خۆیان لەسەروی ئێمەوە بریار بدەن. مۆنۆپۆڵكردنی ئازادیو دیموكراسی لەلایەن هەر هێزو دەسەڵاتێكەوە بێت كارێكی شەیتانیو نارەوایە. گرنگی نەدان بەگەنج واتا گرنگی نەدان بەبەرزكردنەوەی ئاستی ئابوریو بەرهەم هێنانو داوەشانی حكومەتو میللەت. تا لەناوخۆی كوردستاندا ئازادیو دیموكراسی راستەقینە بونی نەبێت مەحاڵە بتوانرێ گوتارێكی ستراتیژیو نەتەوەیی وامان هەبێت كە بمانگەیەنێت بەئازادیو شادبونی مافە نەتەوەییەكانمان بارودۆخی ناوخۆی وڵات چاك بێ یان خراپ تیشكدانەوەی دەبێت لە سەر ئەدائی سیاسیو دبلۆماسی دەرەوەمان، ئەگەر ناوخۆی وڵات كارگەی بەرهەم هێنانی گوتارێكی سەپێنراو داخراو بێت، چۆن دەتوانرێت رای گشتی بۆ داواكاریو داخوازییەكانمان لەسەر ئاستی دەرەوە دروست بكرێت. میللەتێك لەپرسە چارەنوسسازەكانیدا پرسو رای وەرنەگیرا بێت چۆن تەحەمولی هاوپەیمانیەتیەك دەكات كەلەدەرەوەی ئەو پێكهێنرا بێت، میللەتێك گەنجو لاوەكانی پەیتاپەیتا خاكو نیشتمان بەجێ بهێڵن دەبێ مانەوەی قەوارەی سیاسیو كۆمەلایەتیو كولتوری، ئەو میللەتە چەند لەمەترسیدا بێت. ئەمڕۆ شەپۆلەكانی گلۆبالیزم بەجیهانبون تا رادەیەكی زۆر كاری كردۆتە سەر كەم كردنەوەی هەستو سۆزی مرۆڤ بۆنیشتمانو نەتەوەكەی كە ئەمە خەتەرێكی گەورەیە بۆ نەتەوەیەكی بێ دەوڵەتی وەكو كورد، ئەگەر ئەم مەسەلەیە بەجددی بیری لێ نەكرێتەوە دواجار كورد لەهەموو عالەمدا پەرشو بلاودەبێتەوەو ناسنامەی نەتەوەی بونی خۆی لەدەست دەداتو خۆی لێ ون دەبێ هەندێك لەچاودێرانی سیاسی پێیان وایە جەنگەكانی ئەمریكاو گلۆبالیزەیشن روی یەك دراونو لەپشت ئەم حالەتەشەوە ئەگەری دروست بونی فێندەمینتالیزمی مەسیحی لەهەموو كاتێك بەهێزترە، وەك لەقسەكانی جۆرج دەبلیو بۆشدا دەركەوت لەكاتی هێرشكردن بۆسەر عێراق كەپێی وابوو شەڕی ئەمریكا ئەمرو فەرمانێكی خواییەو لەپێناو ئازادكردنی مرۆڤایەتیدایە. لەئەمریكاو رۆژئاوادا بەهۆی تەنگەژە دەرونیو فشارە ئابوریەكانەوە بیری رەجعیەتو لاهوتیەت ئەگەری سەر هەڵدانەوەی زۆر بەهێزە یان لاهوت وەك شێرێكی خەوتو حیسابی بۆدەكەن هەر كاتێك مەبەستیان بێت بەخەبەر دێننو جارێكیتر سود لەبەها روحیو دینیەكە وەردەگرنەوە ئەگەر حوكمی بیل كلینتۆنی سەرۆكی پێشوی ئەمریكیمان لەبیر بێت كە چۆن ببوە جێگەی ئومێدی هەزاران یەهودیو جولەكە لە سەرتاسەری دونیاداو بەگیانو بەدڵ پشتیوانیان لێ دەكرد، ئەمە پشت پەردەی دیموكراتیو سەرمایەداری ئەمریكاو رۆژئاوایە كەلە ئەسڵی هەڵبژاردنەكاندا سۆزێكی دینیو فەندەمینتالیزمی هەیەو دەوری خۆی دەبینێ لەبەرزونزم كردنەوەی گێچی دەسەلاتدا كێشەی كوردو مەسەلە رەواكەی كەوتۆتە قولایی ئەم گۆمە لێخنو وفەوزا گەورەیەی دنیاوە، راست بونەوەی فێنتالیزمی ئیسلامیو فێنتالیزمی مەسیحیو فەنتالیزمی یەهودیو ئیدیعای دیموكراسیو ئازادیو هێشتا گەرمو گوڕی گوتاری رەگەزپەرستیو ناسیۆنالیستی عەرەبیو فارسیو توركی لەناوچەكەدا هەموو ئەمانە مەترسیو ئافاتی گەورەنو پێویستی بەیەكریزیو تەبایی نێوخۆی كورد هەیەو پاشان ئاراستەكردنی سیاسەتو گوتارێكی هۆشیارانە كە بتوانێ بالانسی پەیوەندییە ئەقلیمیو نێودەوڵەتیەكان رابگرێتو ئامادەباشی بكرێت لەمەڕ هەر روداو پێشهاتێكی گرنگو چارەنوسساز تا بتوانرێت لەبەردەم روداني هەر موعجیزەیەكی سیاسیدا خۆمان رابگرین.

**مامۆستا عەزیز مەحمود" توێژەر لە كاروباری سیاسی:**

من پێم وانیە كورد لەعێراقدا وەكو هاوپەیمانی ئەمریكا بێت، نەك لەبەر ئەوەی كورد هاوپەیمانی ئەمریكا قبوڵ نەبێت بەڵكو بەپێچەوانەوە...كورد زۆر دەمێكە چ



وەك نەتەوە چ وەك دەسەڵات زۆر تامەزرۆی هاوپەیمانیو پەنایەکە بۆخۆ رزگارکردن لەمەینەتو داوی برا ستەمکارە دراوسێکانیو گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانی، بەلام مەخابن سەد مەخابن کورد هەموو لای تاقیکردنەوە لە پرۆلیتار تا سەرمایەداری، کەس تاسەر بەدەمیەوە نەهات، تاکو ئێستاش!! لەدونیای سیاسەتدا دەڵێن: دۆستایەتیو دوژمنایەتی تاسەر نیە، بەرژەوەندی تاسەر هەیە. وا باوە لەدنیای سیاسەتدا کە ئەخلاقو دین لەو جیهانە ئاڵۆزو پێچاو پێچەی سیاسەتو سیاسەکاندا، بونو باویی نیە، بەڵکو ئەگەر بەرژەوەندی خواستی، باویان هەیەو فرمێسکیان بۆ دەڕێژێتو خۆیان پێ ئارایشت دەدریٚ!! من لێرەوە پێم وایە ئەمریکا لەئەجێندای خۆیدا، هیچ پێوەری سیاسیو هاوپەیمانی دانەڕشتووە بۆ پەیوەندیو هاوپەیمانی سیاسیو سەربازیو ئابوری لەگەڵ کوردا..ئەوەی لە(٩١) نەوەدەکانەوە کراوە تاکو ئێستاش لەگەڵدا بێت.

لەگەڵ نرخاندنیو پێزانینی زۆرمان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بووە بەپلە یەك هەر چەندە ئێمەش کورد سودمان لێبینیوە نەك بۆ بەرژەوەندی راستەقینە هەردوولا. کورد نزیکەی زیاتر لەسەدەیەکە خەریکی شۆرشو بەرخودانە لەسەرخاکی خۆی لەدژی داگیرکەران جۆراوجۆرەکانی ..لێرەوە بۆتە خاوەنی فەرهەنگێکی گەورە لەئەزمونی شەڕو ئاشتیو دۆستایەتی سەیرو سەمەرەی رۆژهەلاتو رۆژئاواو هەرێمایەتی، بۆیە هەق وایە زۆر چاوکراوە بێتو جوانو ژیرانە سەیری دەوروبەری خۆی بکاتو سود لەمێژو وەربگرێت، بەگیانی ترس لەدوبارەبونەوەی ئەزمونە تاڵەکانی رابردوی هەنگاو بەرەو ئاسۆیەکی رونتر بنیٚو مامەڵە لەگەڵ گۆڕەپانو دەوروبەرو رووداوەکان بکات....بۆیە لە رابردوی تاڵی (٧٥)و بیٚ دەنگی ئەمریکا لەپرۆسەی کیمیابارانو ئەنفالو خاپور کردنی کوردستان لەلایەن سەدامی گۆڕبەگۆڕ..لەراپۆرتی (بیکەر-هاملتۆن) ئێستای ئەمرۆمان دەترسین، جیا لە راپۆرتی (کرۆکەر- پاتریۆس) کە مادەی ١٤٠ ی تایبەت بە کەرکوك تێدا بەرەو مەرگ دەچێت !!. کورد پێویستە والە ئەمریکا بگات کە ماراسۆنەکانی لەجیهاندا لەپێناو بەرژەوەندی ١٠٠٪سەد دەرسەدی خۆیدایەو هەر هێزو لایەكو ولاتێك هاوتەریب بوو لەگەڵ ئەو بەرژەوەندیەدا، ئەوا دەیخاتە ناو فارغۆنی شەمەندەفەرەکەیەوە تا ئەو رۆژەی بەرژەوەندیەکانی دەپارێزێت. کەواتە ئەمریکا هێزێکی بەرژەوەندخوازیی بالادەستە لەگۆڕەپانی جیهان، نەك مرۆڤدۆستو خێرخواز تا چاوەڕوانی خێرو خێراتی لێبکەی..کورد هێزە کارەکتەرەکانی پێویستە لێرەوە مامەڵە لەگەڵ ئەمریکاو هەموو هێزە دەرەکیو ئیقلمیەکان بکات..نا دیدەیان نەگرێتو هەمیشە میکانیزمی جۆراوجۆری گونجاو بگرێتەبەر، کە بارودۆخەکانو بەرنامەو ئەجێندای کار، دیاریان دەکات. پێویستە سەرکردایەتی کورد بەرنامەی دۆستایەتیو پەیوەندی کورد لەگەڵ ئەمریکا بەتایبەتو هێزە کاریگەرەکانی تری سەر گۆڕەپانی جیهانی رونو ئاشکرا بێتو دیکۆمێنتی بێت. نەك سەر پیٚو تەلەفۆنیو نادیار...جیهانی پەیوەندیەکان لەم رۆژگاری جیهانگیریەدا زۆر ئاڵۆزەو لێهاتوویيو دوور بینی زۆری دەوێت، دەبیٚ ئاگات لەرەهەندە جۆراوجۆرەکانی بێتو لەنگەر رابگریت لەنێوان پەیوەندیە دبلۆماسیەکاندا، پەیوەندی لەگەڵ ولاتێکدا لەسەر حسابی ولاتێکی تر نەبێت..جولان لەو جیهانە ئاڵۆزەدا چەندە زەحمەتەو ووریایی زۆری پێویستە بۆ گشتی..بۆیە کورد زۆرتر هەستیارەو زەحمەت دەبینیٚ لەم بارەیەوە، هەڵکەوتەی جوگرافی کوردستان کەوتۆتە شوێنێکی زۆر گرنگو هەستیار لەشانۆی رووداوەکانی مێژوی کۆنو نوێی جیهانو ناوچەکە. بەرژەوەندیەکانی کوردو ئەکتەرەکانی تری دەوروبەری لە شانۆکە، یەکتر دەبڕنو ئەوانیش زۆر وریایانە رۆڵ دەگێڕنو دەورکە دەبینن. نەك هەر ئەوە، بەڵکو بەرژەوەندی زلهێزانی جیهان لای ئەوان مسۆگەرترە بەحوکمی سەنەوی بونی دەوڵەتیانو گرنگی دەوڵەمەندی شوێنەکەیانو بونیان وەك دەوڵەت. جا بۆیە کوردو سەرکردایەتیە سیاسیەکەی، ئەرکیان زۆر قورسەو بەرپرسیاریەتی زۆر چارەنوساز لەئەستۆی هەموانە بەتایبەتی دەسەلاتی سیاسی ئەمرۆی کوردی. دەبێت بیٚ منەتانە سەیری دەرووبەرمان نەکەین لەمامەڵەو پێشهاتو رووداوەکان، بەهۆی تەماهیو پەیوەندی توندو تۆڵمان لەگەڵ ئەمریکا؟دەنا بێگومان ئاستەنگی زۆر بۆ کوردو کێشە رەواکەی دێتە پێشو دروست دەکەن، چۆن ئەمرۆ لەعێراقدا دروستیان کردوەو ئەمریکاش زۆر سەرەودەری لیٚ ناکات. ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە کارتی ئەوان بەهێزترە بۆ مامەڵە لەگەڵ ئەمریکاو زلهێزەکانو دەوروبەر، لەکارتی کوردو رابردوش شاهیدە ! بەلەرچاوگرتنی کۆی ئەو راستییە سەلمێنراوانەی ئاماژەیەکمان پێدان پێویستە:

١-نێومالّی کورد یەکبخرێتو رێکبخرێت بەراستەقینە، بەشێوەیەك دۆستانمان دلّخۆشو هیوا بەخش بکاتو ناحەزانو دوژمنانیش بیٚ ئومێد بکات.

٢-خالّی یەکەم بەجۆرێك لەجۆرەکانی، دەبێت پارچەکانی تری کوردستانی گەورەبگرێتەوەو ئاگا لێکبونێکی برایانە لەنێوان دا هەبێت کە جولّەی هەر لایەك لەسەر بەرژەوەندی لایەکەی تر نەبێت.. بۆئەوەی دەستکەوتەکان بپارێزین، چونکە مولّکی هەموو کوردە، هەولّی گونجاویش بدەین بۆ ئەوەی ماوە..رێگە نەدەین راوی یەکترمان پێبکەن وەك کەو.

٣-پێویستە لەسەر ئاستی نەتەوە ستراتیژیەکی کورت ماوەو درێژماوە دابڕێژرێت بەشێنەیی، لەلایەن عاقلّە سیاسیو ئەکادیمیە پسپۆرەکانی ئەو بوارە، بۆ ئەوەش پێویستە پەیمانگای توێژینەوەیی تایبەتمان هەبنو سودیش لەسەرچاوە جیهانیەکانیش تایبەت بەو بوارە وەربگرین.

٤-لەو ستراتیژەدا پێویستە بەکردەوە یەك گوتاری نیشانی دوورو نزیك بدەین کە کورد ئاشتیخوازەو تەنها بەدوای مافی خۆیدا وێلّەو چاوی نەبڕیوەتە مافو بەرژەوەندیە راستەقینەکانی کەسانی تر. پێویستە بیسەلمێنین کە کورد هۆکاری ئارامی راستەقینەیە لەناوچەکە بەگشتیو بیٚ کوردو دەستەبەرکردنی مافە زەوتکراوەکانی ناوچەکە ئارامی بەخۆیەوە نابینێتو ئۆخەش ناکات.

٥-رۆلّی راگەیاندن لەو ستراتیژەدا دەبێت پشکی شێری بەر کەوێت، راگەیاندنی کوردی

بەگشتی‌و کەناڵە ئاسمانیەکان بەتایبەتی، پێویستە رۆڵی ئیجابی نەتەوەیی خۆیان بەگوێرەی پێویست ببینن‌و روی راستەقینەی نەتەوەی کورد نیشانی جیهان بدەن‌و زۆرتر داکۆکی لەقەزیە رەواکەی بکەن، دوور لەدەمارگیری. هەڵمەتێکی بەرنامە بۆ دارێژراوی نەتەوەیی دور لەهەڵەشەو دەمارگیری لەسەرئاستی ناوخۆو هەرێمایەتی‌و جیهان دەست پێبکەن بەجۆرێك ناوخۆ هۆشیارترو رێکخراوتر بکات‌و سۆزی گەلانی دراوسێ‌و جیهانیش بۆ داوا رەواکەی بجوڵێنێت، چۆن ساڵی کۆڕەوەکەی ۱۹۹۱ میدیای جیهان سۆزی گەلانی ئەوروپاو ئەمریکاو جیهانی وروژاندو بریار بەدەستانی هێنایە گۆ بۆ یەکەمجار لەبەرژەوەندی کوردو رژێمی گۆڕبەگۆڕی سەدام.

٦-پێویستە هەڵمەتێکی دبلۆماسی نەتەوەیی لێهاتوو بەنەخشە، لەلایەن کەسانی شیاوو دڵسۆز لەسەر ئاستی جیهان دەست پێبکەین، لەرێگەی دەزگا رەسمیەکان‌و رێکخراوە مەدەنیەکانەوە بۆ پەیداکردنی رایەکی کاریگەر کە پشتیوانی لەداوا رەواکانی نەتەوەی کورد بکات‌و ئەمریکاش ناچار بکەین حسابێکی زۆرمان لەسەر بکات.

**مەولود حەمەد مستەفا" مامۆستای پەیمانگای مەڵەبەندی مامۆستایانی رانیە:**

نەتەوەی کورد بەهۆکاری هەڵکەوتنی شوێنی نیشتمانەکەی لەروی جیۆپۆلۆتیکەوە، سەرەرای توانای زاتی‌و مەعنەوی گەلەکەشی بەهەموو بوارە جیاجیاکانەوە، هەمیشە لەژێر شالاوی داگیرکەران بوە. بەتایبەت بەرە زلهێزەکانی وەك دەوڵەتی عوسمانی‌و سەفەوی، دواتریش جەنگە ماڵوێرانکەرەکانی یەکەم‌و دووەمی جیهانیەوە. ببووە سوتەمەنی گەل‌و خاکەکەی هەمیشە جێ راکە راکی ئەوان بووە، هەبوونی هەندێ فاکتەری خودی‌و بابەتی‌و دواتر نا سەرراستی ئەو زلهێزو وڵاتانەی کەلە هاوکێشە سیاسی‌و بارودۆخە ناجێگیرەکان وەك هاوپەیمانییەك‌و تاکە پشتیوان بەفریادرەس خۆی لەقەڵەم دابون. سەرئەنجام کورد بەرگەی سیاسەتە چەوتەکانی داگیرکەرانی نەگرت‌و دابەشکراو بەزۆر لکێنراو بەسەر چەند دەوڵەتێکی هەرێمیەوە. گومانی تێدانیە کە هەر هاوپەیمانێتیەك بنەماکەی لەسەر دەسکەوتنی بەرژەوەندیە ستراتیژیەکان سەرچاوە دەگرێ. هەروەها لەسەرو وەختی ململانێی جەنگی ساردی هەردوو بەرەی رۆژهەڵات‌و رۆژئاوا بەسەرۆکایەتی ئەمەریکاو سۆڤیت دوای ئەوەی دیسان لە گەمەی سۆڤیەت خەسارەتمەند بوو، وەك ئەوەی لە شکستی کۆماری مەهاباددا بەرجەستە بووە، ناچار لە پێناو گەیشتن بەبەشێك لەبەرهەمی خەباتی بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکەمان، ئەمجارە بریاریدا هاوپەیمانیەتیەکی نوێ لەگەڵ زلهێزێکی دنیای تازە کە ئەمریکایە دروست بکات، بەحوکمی ئەوەی لەو ململانێیەش بردبوویەوەو جڵەوی بەربڵاوکردنی دەسەلاتی سیاسی بەرووی تەواوی گۆی زەویدا گرتبووە دەستیش لەلایەك‌و ئەگەر خەتەری هاتنەکایەو سەرهەڵدانی بەرەیەکی تری دەسەڵاتداری گەڕانەوە بۆ دواوە، کە خۆی لەدەسەڵاتی مەزهەبی توندڕەو کەخۆی لەتیرۆریزمی نێودەوڵەتی دا دەبینێتەوە. ئەمەش هەندێ لەوڵاتانی سوننە مەزهەب‌و دواتر شیعە مەزهەبیش لەئارادایە، کە ئێران خۆیان بەپێشەوا دەزانێ، کە ئەمڕۆ بۆتە جێی هەڕەشە کوردیش لەو سۆنگەیەوە تاکە ئاسۆیەك لەوەدا دەبینێ کە پێی وایە بەرژەوەندیە ستراتیژیەکانی تەنهاو تەنها لەگەڵ ئەمریکدا دەست دەکەوێت. چانسی کوردیش بەزەمینە سازی جەنگی عێراق

ئێران‌و دواتر جەنگی رزگارکردنی کوێت‌و ئینجا روخانی رژێمی سەدام زیاتر هاتە پێشەوە، تا وای لێهات کورد بەخوێنەوە بەشداری کردنێکی کردەوەی بەشداری ئەو هاوپەیمانیەی سەلماند. ئەوەشمان بیر نەچێت کورد سورە لەسەر درێژەدان بەو هاوپەیمانێتیە چونکە دڵنیایە کە ئەمەریکا زۆر رژدی دەکات لەسەر پێشەوایەتی کردنی جەنگی دژە تیرۆرو دواتر کارکردنی لەسەر بەدیموکراسی کردنی ناوچەکەو پاراستنی مافەکانی مرۆڤیش لەلایەکی ترەوە. ئیدی ئەو داواکاریانەی ئەمەریکاش رێك هاوتەریبە بەبەرژەوەندیەکانی کورد. بەلام بەر لە هەمووشتێك دەبێ کورد بزانێ ئەمریکا بەدوای بەرژەوەندیەکانی خۆی کەوتووە بۆ عێراق، یەك لەوانە مەیدانی جەنگی دژە تیرۆری لە ئەمەریکاوە هێناوەتە عێراق، سەرباری پاراستنی دەسکەوتە ئابووریەکانی خۆی بەتایبەتی کە دەزانێ یەدەگێکی زۆرینەی نەوت لەخاکی عێراقدایە. سەرەرای کۆشش بۆ ئاگاداربون لەجموجۆڵی ولاتانی کەنداو لەپشتیوانی تیرۆرو ئێرانیش سەرباری هەموان کە دەستێکی باڵای هەیە، ئەمەریکاش خۆی هەست بەم مەترسیە دەکات.

پشتیوانی ئەمەریکا بۆ کورد بێشك ئاستەنگ بۆ وڵاتانی ئێران‌و سوریاو تورکیا دروست کردووە. ئەوانیش لەهەندێ وەلامی نێگەتیڤانەیان بەرامبەر بەلێدانی بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە، نەرم‌و شلیەك بەو دۆستایەتیەی کوردو ئەمەریکا دەکەن، ئیدی لەو کاتەدا، چونکە کورد کارتی بەرەی تری لەدەستدا نیە، هەروەها لەژێر ئەو فشارانەی کەلەخواروو ناوەراست بۆ سەرگیانی سەربازەکانیان‌و دواتر تەگەرە بۆ رێکردنی بەرنامەکانی ئەمەریکا لەعێراقدا دروست دەبێت، بەمەش کێرڤی دەنگی نا رەزایی چ لەشەقامی گشتی لەعێراق‌و گەلی ئەمەریکاو تەنانەت کۆنگرێسی ئەمەریکاش بەرزدەبێتەوە، جا بۆ دەربازبون لەو قەیرانانە جاری وا هەیە لەحسابی دۆستەکانی کە کورد یەکێکە لەهەرە دیارەکان سازش دەکات. بەتایبەتی هەست دەکرێ کە زۆر جدی نیە لەچارەسەر کردنی کێشەئەمنی‌و ئابووریەکان بەهەرێمی کوردستانیشەوە. جێی خۆیەتی بۆ لەمەودوا کورد بەوردی پێداچونەوەیەکی جددی لەسەر پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەمەریکدا بکاتەوە، چونکە کورد بەشێکی سەرەکی سەرخستنی پرۆسەی سیاسیە لەعێراق‌و تەنانەت ناوچەکەش. دەبێ بۆ دووبارە ئەمەریکا ئەوە تاکیدبکاتەوە گونجاوترین دۆست‌و باشترین کارتی هاوکاری ئەمەریکایە، بۆیە دەبێ کورد بۆ ئەم جارە بەمەرج‌و پڕۆتۆکۆڵ‌و داخوازی گرەنتیەوە لەگەڵ ئەمەریکادا هاوپەیمانێتیەکی نوێ بکاتەوە. دواتر لەو کاتانەی کە لە هاوکێشە سیاسیەکاندا فەرامۆش دەکرێ، پێویستە ئەویش کارتە فشارەکانی جا کشانەوەی ئەگەری بێ لە حکومەتی عێراقیان فشاری جەماوەری گەلی کوردستان بێت، بەکاربهێنێ، وەك ئەوەی هەندێ جار لەناوەراست‌و خواروو هێزو کوتلە سیاسیەکان نیشانی دەدەن.. لەسەرەنجامی پیادەکردنی بڕیارو سیاسەت‌و کردەوەی هەندێ جاری ئەمەریکا لەعێراقدا، لەوانە نەمانی نەوتی عێراق بەنایاسایی‌و درێژەدان بەکاروکردەوەی تیرۆریستی لەهەندێ شوێن کە دەسەڵاتی هەیە بنەبڕی بکات‌و دواتر کەمتەرخەمی لەکۆنترۆڵ کردنی سنورەکانی عێراق‌و مامەڵەی نەرم‌و شلی لەگەڵ ولاتانی دراوسێی عێراق‌و گێڕانەوەو پشتیوانی کردنی لەپیاوانی پاشماوەی سەدام‌و بەعس لەلایەك‌و هاوکاری کردنی سەرۆك هۆزو گروپە ئەتنی‌و مەزهەبیەکان‌و هەروەها کوشتنی پێشمەرگەو خەڵکی بێ تاوان بەبیانوی هەڵەکردن، رفاندنی دیبلۆماتە سیاسیەکانی ئێران لەنوسینگەی سەفارەتی ئێران لەهەولێرو دواجار بێ هەڵوێستی لەبەرامبەر جێبەجێ نەکردنی ماددەی ١٤٠بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە ئالۆزیەکانی کەرکوکەوە هەیە، دوا هەمیشیان رفاندنی ئاغای فەرهادی لەسلێمانی، لەگەل ئەوەی مەلەفی ئەمنیش بەرەسمی تەسلیم بەسەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوەتەوە. سەرباری ساردیش لەپشتیوانی‌و بەرێوەچوونی پرۆسەی دادگایی کردنی تاوانبارانی چەکی کیمیایی ئەنفال‌و کۆمەڵ کوژی خەڵکی عێراق بەگشتی‌و خەڵکی کوردستان بەتایبەتی، ئیدی هەموو ئەمانە وەك ئەمرێکی واقع کورد ناچار دەکات کەسەد دەرسەد گومانی هەبێت. ماوەتەوە دوا دەربڕین کورد چونکە هێشتاش

لەقۆناغی رزگاری نیشتمانی دایەو پارچەکانی تری کوردستانیش چاوی بڕیوەتە ئەم هەرێمەی باشوور بۆیە پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کورد، لەسەر دەسکەوتە ستراتیژە نەتەوەییەکان، زۆر بەشەفافی سیاسی خۆی درێژە پێبدات، لەهەر ئەگەرێکی خەتەرناک کە زیانی هەبێ بۆ میللەتەکەمان، شەقامی کورد ئاگادار بێت، تاکو هەڵوێستێکی گشتگیر بۆ لەباربردنییان نیشان بدرێت.

**ئەحمەد حەمە مستەفا" نوسەرو رۆژنامەنوس:**

هەر کەسێك ئەلف و بێی سیاسەت بزانێت دەرك بەو راستیە دەکات، کە مامەڵەو پەیوەندی دەوڵەتانی زلهێز بەگشتی و ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەتایبەتی لەسەر بنچینەی بەرژەوەندیەو پێوەری هەڵسەنگاندنی هەر کیان و گروپ و نەتەوەیەك ئەوەیە تا چەند ئەم کیانە یان ئەم دەوڵەتە جێگایەکی لەچوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی ئەودا بۆخۆی داگیرکردووە. بەمانایەکی تر دەتوانم بڵێم هیچ کاتێك دەوڵەتانی بەهێز لەدەلاقەی سۆزوبەزەیی و لایەنی مرۆییەوە سەیری نەهامەتی و مەینەتیەکانی گەلانی ژێردەستەو چەوساوەیان نەکردوە، بەڵکو وەك کارتی فشار لەبەرامبەر نەیارو دوژمنەکانیاندا بەکاریانهێناون و هەر کاتێکیش ئیشیان پێ نەمابن کورد گوتەنی: پشتیان تێکردون و پولێکی قەلبیان پێوە ناون. بەداخەوە مێژوو پێمان دەڵێت پەیوەندی ئێمەی کورد لەگەڵ دەوڵەتانی دەست رۆیشتودا هیچ کاتێك پۆزەتیڤ و ئیجابی نەبووە بەڵکو پشکی شێری نەهامەتیەکانی ئێمەی کورد لەئەستۆی ئەواندایە. دابەشکردنی کوردستان لەرێکەوتننامە سایکس بیکۆ داو لەبەینبردنی حکومەتەکەی شێخی نەمر لەسەر دەستی ئینگلیزەکان و پشتکردنی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو لەکۆمارە ساواکەی مهابادی قازی و نسکۆی شۆڕشی ئەیلول و بێدەنگ بوون لەتاوانی ئەنفال و کیمیابارانکردنی کورد لەساڵی ١٩٨٨مشتێکن لەنمونەی خەرمانی مامەڵەی نادروستی ئەو زلهێزانە لەگەڵ کێشەی رەوای گەلی کورددا. ئەمانە مێژوی هاوچەرخی ئێمە پێکدەهێنن و ئەم مێژوە فاکتەری بەدگومانی ئێمەی کوردە لەبەرامبەر ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیدا، ئەم هاوکێشە ئاڵۆزە گەر لەسەرێکەوە دڵرەقی و سیاسەتی نامرۆڤانەی ئەم زلهێزانە نیشانەی ئێمە بدات، لەسەرەکەی تریەوە ئاماژە بە دەستەپاچەیی و ناکارایی کارەکتەری دبلۆماسیەتی کوردی دەدات کە نەمانتوانیوە لە لەفو دەورانی کوچەو کۆڵانەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی تێبگەین و هەڵسوکەوتێکی سیاسیانە نەك سۆزئامێز لەگەڵ ئەم وڵاتانەدا بکەین، تا ئێستا ئێمەی کورد نەمانتوانیوە بەرگێکی زانستی بەبەر سیاسەتدا بکەین و لەوەعدو بەڵێنی زارەکی خۆمان رزگار بکەین، سەبارەت بە پەیوەندی و دۆستایەتی ئێمە لەگەڵ ئەمریکادا بەر لەهەر شتێك دەبێت بزانین مەبەستمان لەوشەی (پەیوەندی ) چیە؟ کاتێك وشەی پەیوەندی بەکار دەهێنین ئەوەمان دێتەبەر زەین کە عەقدی نێوان دوو تەرەفە کە تیایدا ئەرك و ماف یەکسان بەسەر هەردوو تەرەفەکەدا دابەش کراوەو هەردوو لایان هەست بە ئەرك و بەرپرسیاریەتی دەکەن بەرامبەر بەیەکتری، پەیوەندی لەسەربنچینەی (وەرگرتن وپێبەخشین) دروست دەبێت واتە چەند بەبەرامبەرەکەت دەبەخشی لەموقابیلدا ئەوەندەی لێوەردەگریتەوەو سودمەند دەبیت لێی. بەپێی ئەم تێگەیشتنە بۆ چەمکی پەیوەندی دەکرێت بپرسین : لەبەرامبەر ئەو دۆستایەتیەی کە ئێمە بەرامبەر ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی رامانگەیاندووە ئەوان چیان بەئێمە بەخشیووە؟ کامانەن ئەو دەسکەوتانەی لەم پەیوەندیەدا دەستمان کەوتووە؟ دکتۆر محمود عوسمان لەچاوپێکەوتنێکدا دەڵێ " تا ئێستا ئەمریکاو بەریتانیا لەچوارچێوەی عێراقدا مامەڵە لەگەڵ کورددا دەکەن و هیچ تایبەتمەندی و جیاکەرەوەیەکیان بەکێشەی کورد نەبەخشیوە" مام رۆستەم وەك فەرماندەیەکی سەربازی لەچاوپێکەوتنێکی گۆڤاری لڤیندا ئەو راستیە ئاشکرا دەکات کە ئەمریکیەکان لەرۆژی رزگارکردنی کەرکوك دا تەنانەت رێگای نان خواردنی ئێوارەشیان پێ نەداون و دەریانکردون" قادر عەزیز نوێنەری سەرۆکی هەرێم بۆ بەدواداچونی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠لەچاوپێکەوتنکدا دەڵێ: ئەمریکاو بەریتانیا هۆکارێکن لەدواکەوتنی جێبەجێکردنی ئەم مادەیە. لەبارەی یارمەتی دانی لایەنی ئابوریش سەرۆکی حکومەت ئەو راستیەی بۆ ئێمە خستە روو کە: لەکۆی بیست ملیار دۆلار کە ئەمریکیەکان بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق تەرخانیان کردوە، تەنها شەش سەد ملیۆن دۆلاریان لەکوردستاندا سەرف کردووە. داگرتنی ئاڵای کوردستان لەسەر زانکۆی کەرکوك و رفاندنی دبلۆماتکارانی ئێران لەشاری هەولێر بەبێ ئاگادار کردنەوەی داموو دەزگا ئەمنیەکانی حکومەتی هەرێم و دەستگیرکردنی عەلی باپیرو عەلی عبدالعەزیز لەدوکان و هەڵەبجە بەبێ پرس دواتر دەستگیرکردن و رفاندنی ئاغای فەرهادی لەشاری سلێمانی بە بەرچاوی ئێمەوە، نیشانەو ئاماژەن بەوەی کە ئەوەی ئێمە ناومانناوە حکومەتی هەرێم ئەوان لەهەر ئان و ساتێکدا دەتوانن سنورەکانی ببەزێنن و بەبێ ئیزن وەرگرتن خۆیان بەماڵەکانماندا بکەن. لەلایەکی تریشەوە پێم وایە ئەوەندەی ئەمریکا حسابی بۆ شیعەو سوننە توندرەوەکان کردووە کە توانای تێکدانی نەخشەو پلانەکانی ئەمریکایان هەیە لەعێراقدا نیو ئەوەندە ماف و داخوازیەکانی خەڵکی کوردستانیان لەپێشچاو نەگرتوە، هەڵبەت تا ئاشتیەوایی نیشتمانیش کە سەرۆك بوش حکومەتەکەی مالکی پێ هەڵدەسەنگێنێ جگەلە داشکاندنی داخوازیەکانی ئێمە هیچی تر نیە، گومان لەوەدانیە کە ئاشتیەوایی نیشتمانی بەبێ سونەکان سەرناگرێت و مەرجی سەرەکی بەشداری سوننەکانیش لەپرۆسەی سیاسی دا دەسکاری کردنی دەستورو دواخستنی مادەی ١٤٠و گێڕانەوەی کۆنەبەعسیەکان بۆ دەسەڵات و بەمەرکەزی کردنەوەی دەسەڵاتی بەرهەمهێنانی سامانە سروشتیەکانە، کە ئەمانە هەموویان بەزیانی پێمەی کورد دەشکێتەوە، ئەمە جگەلەوەی ئەو پەیوەندیە ئابوریە ستراتیژەی کە ئەمریکا لەگەل ولاتانی کەنداودا هەیەتی ، کەسەرچاوەی دابینکردنی سوتەمەنین بۆ ئەمریکا هەرگیز بەراورد ناکرێت بەپەیوەندیەکانی لەگەل ئێمەی کورددا. ئەم پەیوەندیەی ئێمە لەگەڵ ئەمریکدا هەرگیز پەیوەندیەکی ئاسایی نیەو هەرگیز لەسەر بنەمای بەرژەوەندیەکانی هەردوولا بنیاتنەنراوە، بەڵکو ئەوەی هەیە لەپەیوەندی ئاغاو مسکێن و سەردار دەچێت، لەجیاتی بکەری کاراو چالاکی مەیدانی سیاسەت، بەرکارین و کارمان لەسەر دەکرێت و هاوسەنگی هێزمان پێڕادەگیرێت، پرسی راستەقینە ئەوەیە کە: گەر مامەڵەی ئەمریکا لەسەر بناغەی سودو بەرژەوەندی بێت، ئەوا ئێمە ئەو هێزە ئابوری و سیاسی و سەربازیەین کە مەحەلی ئیعرابمان لەسیاسەتی ئەمریکادا هەبێت؟ بەم ئابوریە داتەپیوەی خۆمان دەتوانین لەکوێی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکادا جێگای خۆمان بکەینەوە؟ چەند رۆژێك وڵاتانی دراوسێ سنورەکانمان بەروودا دابخەن و مانگێك موچەمان لەبەغداوە پێنەگات، دەبێت حاڵی ئەم میللەتە چۆن بێت؟ بۆیە بمانەوێت لەسیستەمی نوێی جیهانی جێمان ببێتەوە ئەوا دەبێت پێگەی سیاسی و سەربازی خۆمان پتەوبکەین و ریفۆرمی ئابوری ئەنجام بدەین و خەڵکی ئەکادیمی بخەینە ناوبواری سیاسەتەوەو مامەڵەیەکی وردوقوڵ لەگەڵ پێشهاتەکاندا بکەین و لەخوێندنەوەی سەتحی و روکەش دوور بکەوینەوە لەجیاتی بروبیانوی نابەجێ دەست لەسەر برینەکانمان دابنێین و دان بە هەڵەوکەم و کورتیەکانمان دابنێین و سود لەرابردوی پڕ لە هەورازو نشێوی ئەم گەلە ستەمدیدەیە وەربگرین، گەر نا ئەوا جارێکی تر باجی هەڵەکانمان دەدەین و دەچینەوە خالی سفر.

# بە فیدراڵی کردنی عێراق ئەمری واقعە یان بڕیاری ئەمریکی

ڕێبوار بەکرەجۆیی



سیستەمی فیدراڵی کە لە زۆرێک لەووڵاتانی دنیا پەیڕەو دەکرێ، شێوازێکی حوکم بەڕێوەبردنە، واقعێکی سیاسیو ئابووریو کلتوریو کۆمەڵایەتی دەیسەپێنێ بەسەر ئەو دەوڵەتو نەتەوانەدا کە لە چوارچێوەیەکی سیاسی یان هاوسنوری ژینگەیی دا ژیان دەگوزەرێنن، ئەو سیستەمەش یان بە هۆی یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانەی چەند هەرێمێکو دەوڵەتێکی بچووکو بێ هێز لە ڕووی ئابووریو سەربازیەوە دێتەکایەوە، بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی گەورەی بەهێز، یان لەئەنجامی دابەشبوونی دەوڵەتێکی یەکگرتووی خاوەن ناوەندێکی بەهێزی دەسەلاتو ئستبداد بۆ چەند هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆو پاشان یەکگرتنەوەیان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا کەسەروەری هەرێمیایەتیان پارێزراو بێت، دێتەکایەوە. واقعی پێکهاتەی دەوڵەتی عێراقیش، خۆی لە شێوازی دووەمی ئەو پێناسەیەدا دەبینێتەوە، ئەگەر تێڕوانینێکی ووردیشمان بۆ شێوازی حوکمو سیستەمە سیاسیەکەی هەبێت لە ئێستادا، دەبینین کە دەوڵەتی عێراق بێ دەست تێوەردانی دنیای دەرەوە ئەو سیستەمەی بەسەر خۆیدا سەپاندووەو بە ئارەزووش نیە، تا ڕادەیەکی زۆر بەرچاویش ئەو دابەش بوونە بۆ سێ ناوچەی ( کوردو شیعەو سوننە) هەستی پێ دەکرێ، کە بێگومان هاتنە وجودی ئەو لێک دابڕانەش بەرێژەیەکی بەرچاو بۆ ئەو کەسو لایەنانە دەگەڕێتەوە کەدژی ئەوسیستەمە ئازادەی حوکمن، کەچی کوێرانەو بێ لێکدانەوەیەکی واقعبینانە دژایەتی ئەو سیستەمە دەکەن کە ووڵات یەک دەخاتەوەو بەرێژەی زۆرینەی دەنگی گەلانی عێراقیش لە دەستوردا پەسەند کراوە، هەروەها شێوازێکی ئارەزوومەندانەی گێڕانەوەی سەروەریو یەک پارچەیی خاکی عێراقە.

بڕیاری بەفیدراڵی کردنی عێراقو دابەشکردنیشی بۆ سێ هەرێمی (کوردی، شیعی، سوننی) لە لایەن ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکاوە لە ٢٦/٩/٢٠٠٧ هەنگاوێکی جدی حکومەتی ئەمریکایە بۆ سەر لەنوێ دروستکردنەوەی دەوڵەتی عێراق بە شێوازێکی ئارەزوومەندانەی دوور لە دەسەلاتی ئیستبدای قۆرغکاری، پشتگیرکردنو جێ بەجێ کردنی ئەو بڕیارەش ئەرکی هەموو ئەوانەیە کە پەرۆشی لێک دانەبڕانی یەکجارەکی دەوڵەتی عێراقو خاکەکەین، خۆ گیف کردنەوەو دژایەتی کردنی ئەو بڕیارەش نەک هەرخزمەت بە سەروەری عێراق ناکات، بەڵکو تابێت برینەکانی شەڕی تایفیو لێک دابڕان لە نێوان پێکهاتەکانی گەلانی عێراق زیاتر دەکات. دان پێدانانی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکاش بە حکومەتی هەرێمی کوردستانو بەرەسمی ناسینیشی وەک هەرێمێکی فیدراڵ لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، هەنگاوی یەکەمو جدی ئەو ووڵاتەیە بۆ چەسپاندنی ئەو سیستەمە لە ووڵاتدا، کەواتە چەند زووتر ئەو بڕیارە بێتە پراکتیزەکردن، ئەوندە برینەکان زووتر سارێژ دەبنو دەبنە بەربەستیش لە ڕووی خوێن ڕشتنی زیاتری ڕۆڵەکانی عێراق، ئەمە سەرەڕای بوونی ماددەی(١١٧) ی تایبەت لەدەستوری هەمیشەیی عێراق، کەتایبەتە بە بە ڕەسمی ناسینی فیدراڵیو حکومەتی هەرێمی کوردستانو دەسەلاتەکەی، بەتایبەتی لەفەقەرەی یەکەمیدا کە دەڵێت(یقر هذا الدستور، عند نفاذه اقلیم کردستان؛ سلطاته القائمة، اقلیما اتحادیا) ئیتر نازانم ئەو خۆ گیف کردنەوەی هەندێ ناوەندو حکومەتی پشتیوان لەکارە تیرۆریستیەکان، بۆ دژایەتی کردنی ئەو بڕیارەی کە لەدەستوردا هاتووە پێش بڕیاردانی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا لە پای چیە، خۆ ئەگەر دلسۆزی بێت بۆ عێراقو ڕۆڵەکانی، ئەوە لە ڕابردوودا ئاماژەمان پێدا کە ئەو جۆرە هەڵویستانە خزمەت بە بە بەرژەوەندی باڵای گەلانی عێراق ناکات، خۆ ئەگەر ئامانجیش بەربەست بوون بێت لە بەردەم پراکتیزەکردنو بە ئەنجام گەیاندنی ئەو پرۆژەیەی ئەمریکا، ئەوا من بەڕاشکاوی ئەو قسەیە دەکەم کە یاخوا پرۆژەو بەرنامە لە دەسەلاتی سیاسیو ئیداری ئەمریکاو کۆشکی سپی نەبێت بە بڕیار، دەنا بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژەکان، توانای ئەو ووڵاتە لافاوێکەو هەموو ئەو لەمپەرانە ڕادەماڵێ کە دێنە بەردەمی بە خاوەنەکانیشیانەوە، مێژووی ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابردووش لە کوێتو ئەفغانستانو عێراقو زۆر لە ووڵاتانی دیکەی دنیاش ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن.




کەواتە بەربەست بوون بۆ هەرکەسو لایەنێک تەنها دەتوانێ نەختێ لە هەنگاوەکانی ئەو ووڵاتە سست بکات، بەڵام ناتوانێ هەرگیز ڕێگر بێت لە بەردەم جێ بە جێ کردنیدا، چونکە من پێم وایە ئەمڕۆ لەم سەردەمەدا تەنها دوو کەس دەسەلاتیان بەسەر گۆی زەویدا دەشکێ بۆ هەر گۆڕانکاری یەک کە بیانەوێ ئەنجامی بدەن، ئەوانیش یەکەمیان پەروەردگارەو دووەمیشیان ئەمریکایە.

r_bakrajoy@hotmail.com

# گوڵاڵە پشدەری
# ئافرەتی کورد ئیرادەو ویستی لاوازە بۆ یاخی بوون



**گفتووگۆی: ڕۆڤار نورەدینی**

خاتوو گوڵاڵە پشدەری لەدایکبووی شارۆچکەی سەنگەسەرەوساڵی ( ١٩٧٤ ) بۆتە پەناهندە لەوڵاتی ئێران‌و خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و دواناوەندی هەر لەوێ تەواوکردووە، لە( ١٩٨٤ ) بۆتە ئەندامی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان‌و ساڵی ( ١٩٨٥ ) بڕوانامەی radiology( بەشی تیشك )ی لەدانیشگەی ئورمیە وەرگرتووەو ماوەیەك لەنەخۆشخانەی ئیمام خومەینی لەشاری نەغەدەدا کاریکردووە، ساڵی ( ١٩٨٥ ) ژیانی هاوسەری لەقەڵادزێ پێکهێناوە. بەشداری چەندین خولی جۆراو جۆری برینپێچی‌و central srervise strilisationو ECGو خولی مامانی کردووە، ساڵی ( ١٩٩٣ ) مافی پەناهندەیی لەوڵاتی هۆڵەندا داواکردووەو بەردەوام بووە لەسەر کارکردن‌و بەشداری خولەجۆراوجۆرەکان‌و چەندین بڕوانامەی جیاجیای لەبوارەکانی پەرستاری‌و ... لەنەخۆشخانەی ئەکادیمی ئەمستردام وەرگرتووە، ئێستا وێڕای کاری نەخۆشخانە لەو وڵاتەدا بەرپرسی بنکەی کولتوری‌و ڕۆشنبیری کوردە لەشاری ئەڵمیرەی هۆڵەندی‌و سەرقاڵی نوسینی پەرتوك بەزمانی هۆڵەندی‌و وەرگێرانی بابەتە بۆ سەر زمانی کوردی، بەتایبەتیش بابەتی تەندروستی، زنار سەبارەت بەچەند تەوەرێکی جیاجیای پەیوەست بەکێشەو نەخۆشیەکانی ئافرەتان‌و چەند بابەتێکی تر ئەوی لەگفتوگۆیەکی تایبەتدا دواندو بەم شێوەیەش خاتوو گوڵاڵە وەڵامەکانی داینەوە...

**زنار: با بەپرسیارێکی تایبەت بەوەی ئایا ئارەزوو دەکەی هاوسەری ژیانتان چی لەناخی ئێوە تێبگات؟..یان دەتەوێت چشتێك لەسروشتی مێینەیی خۆتان بۆ هاوسەرەکەتان باسبکەیت.**

**گوڵاڵە پشدەری:** خۆشبەختانە هاوسەری ژیانم لێم تێدەگات‌و تاڕادەیەك هاوکاریم دەکات، لەپێناو خزمەتکردن‌و گەشەپێدانی ئاستی ڕۆشنبیری نەتەوەکەم، دەتوانم بڵێم ئەو هاوکاریە لەبوارە تەندروستیەکەیەوە زۆرترە، بەبڕوای من مێینەو نێرینە دوو ڕەگەزی لەیەکتری جیاوازن لەهەندێك ڕووەوە، لەو گۆشە نیگایەوە هەوڵئەدەم هاوسەرەکەم ئەو ڕاستیە بسەلمێنێت‌و بتوانین تێگەیشتنێکی هاوبەش دروست بکەین‌و سەرەڕای هەبوونی جیاوازیەکانیش بتوانین بەیەکەوە بژین، ئەستێرەو هەسارە ناسەکانی چینی دەڵێن کردەوەی هێنان یان گواستنەوەی ئاڵوگۆڕێك لەئاسمانەوە بۆ زەوی بەکاری ڕەگەزی نێرینە هێنەر ئەژمار دەکرێت‌و کردەوەی وەرگر بەکاری مێینە ئەژمار دەکرێت، ئەم گواستنەوەیە لەهەسارەکانیشدا( planet ) دەبیندرێت، هەر هەسارەیەك جگە لەڕووی پیاوانەو ژنانەی خۆی ڕەنگی تایبەتیشیان هەیە، گوایە پیاوان لەهەسارەی مارس‌و ژنانیش لەهەسارەی ڤینۆسەوە هاتوونەتە سەر زەوی، پیاوان خاوەنی دەسەڵاتی جەستەیی، فکری، بەئیرادەو بەڕۆژو تیشکی خۆر دەناسرێن، ژنانیش بەناسکی جەستەو ڕوحو ئەوان زیاتر لەپیاوان خاوەنی سۆزن.

**زنار: کامە تایبەتمەندییەی ئافرەت لەگەڵ پیاودا جیاوازی هەیە.**

**گوڵاڵە پشدەری:** بێجگە لەجیاوازی جەستەیی ئافرەتان تایبەتمەندیەکی